دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بۆ لەناوبردنی ڕژێمی کاری کرێ گرتە

# کــۆمــۆنیــزم

ئۆرگانی سەنترالی گرۆپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست

نرخی € 2 –$ 3

فێبریوەری 2009

بۆ پەیوەندی کردن:

B.P. 33-Saint-Gilles(Bru) 3- 1060 Bruxelles-Belgique

http: //www.geocities.com/paris/6368

http://gci-icg.org

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە :

*تێبینی دژ بە دیکتاتۆریەتی ئابووری

*پێشنیاری ئینتەرناسیونالیست ئورگوای 1984

*یاخی بوون لە بانیالورا 1993

# تێبینی دژ بە دیکتاتۆریەتی ئابووری

*زۆرداری بەها ( ڤالیۆ) بە پرۆسیس ـ سووربوون لەسەر پرۆگرامی شۆڕشگێڕی*

سەدەیەك زیاتر تێپەڕیووە بەسەر ئەو ڕەخنەیەی ئابووری (1)کە ئەوەی خستەڕوو *دیکتاتۆریەتی بەها* کە بەهایەتی خۆی *بەردەوامی پێدەدات* جەوهەری کۆمەڵگای سەرمایەداریە و مەنفەعەتی پێویستیە بەرهەم هاتووەکان تەنها ئامرازێکن خزمەتی ئەم دیکتاتۆریەتە ئەکەن کە لە هەموو جێگایەك ئامادەیە. بەهای بەکارهێنەر تەنها .پاڵپشتی بەهای ئاڵوگۆڕکەر، بەها لەپرۆسیسدایە

هەموو نەهامەتیەکان، هەموو دیکتاتۆریەتەکان، هەموو جەنگەکان، هەموو چەوساندنەوە و ئازاردانی مرۆیی .بریتین لە دەربڕینی ئەم زۆرداریە جەهەنەمیەی بەها کە بۆتە بابەتێکی ڕاستەقینە، بۆتە خوای هەموو کۆمەڵگا

جیهان بەڕێوەناچێت بەگوێرەی بیروڕاکان، بەگوێرەی سیاسەتەکان یان یاساکان، بەڵکو بەپێی ئابووری، بەپێی لوشە بۆ قازانج و پارە. بیروباوەڕەکان، سیاسەتەکان ، مافەکان و تیرۆریزمی دەوڵەت تەنیا خزمەتچی بەدەستهێنان .و جێگیربوونی تەشەنەسەندنی بەرهەم هێنانەوەی ئەم زۆرداریەن

بە واتایەکی تر، دەوڵەت، دیمۆکراسیەت. . .بۆ نموونە پێکهاتەی سەرمایە وەك هێزێکی زاڵ( جا لە هەچ فۆرمێکدا خۆی ڕێك بخات) ، تەنها درێژکردنەوەی دیکتاتۆریەتە قوڵ و پان وبەرینەکەی بەهایە بەسەر ژیانی مرۆڤدا. تیرۆریزم، جا شاراوەبێت یان ئاشکرا، پاڕلەمانی بێت یان بۆناپێرتیست، فاشیستی بێت یان دژە .فاشیستی، هیچ نی یە جگە لە دەربڕینی واقعی بێ بەزەییانەی جیهانێك نەبێت کە ملکەچی یاسای بەهایە

هۆی نیشاندانی ئەوەی کە ئەو چەوساندنەوەیە، دیکتاتۆریەتە،زۆرداریە،نەهامەتیە. . . لەئارادا نی یە بەهۆی هیچ کەسێکی تایبەتەوە، بەهۆی هیچ "سەرۆکێکی چەوسێنەرەوە" یان حکومەتێکی سەرکردە شێت یان ڕەگەزپەرستەوە(2) ، بەڵکو دەربڕینێکی حەتمی پەرەسەندنی بەهایە لە پرۆسیسدا، خاڵێکی تیئۆری یەکلاکەرەوەی گرنگە بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی. ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە هەموو بەربەرەکانێکان و

چەرمەسەریەکانی کۆمەڵگای بۆرجوازی *لە شانە بنچینەییەکەی ئەم کۆمەڵگایەدا ، لە کاڵا (کۆمۆدێتی) دا* ،لە ناکۆکی نێوان بەهای بەکارهێنەر و بەهای ئاڵوگۆڕکەردا کۆبۆتەوە ، تەنها هەر تەکانێك نەبوو بە پڕۆسیسی پەرەسەندنی هاوبەشی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیونالیستی بەدرێژایی چەندین ساڵ، بەڵکو دانی ڕەگەزە ڕۆشنەکانیش بوو بە ئاراستەی شۆڕشگێڕی و ناوەڕۆکی پڕۆگرامی.

بەدڵنیاییەوە ، هەموو ئەم بەرجەستەبوونە پڕۆگرامیانە ، ئەم تیئۆرە کە پەردەی لەسەر سەرمایەداری لادا ، بەرهەمی کۆمەڵەی کرێکارانی نێونەتەوەیی بوو لە کاتی بەرجەستەبوونەکەیدا ، بەو پێ یە ، هەر وەك مارکس و ئینجلس چەندین جار ڕایانگەیاند ،ئیشی حیزب بوو. . .ئەم پتەوبوونە ڕێکخراوەیی و پڕۆگرامیەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی دواتر خۆی داکوتا لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا ،لە پەرەسەندنی بلاوکراوەی شۆڕشگێڕیدا ،لەچالاکیە ڕاستەوخۆ پڕۆلیتەریەکاندا ،هەولدانە سەنترالیزمیەکانی لێکەوتەوە، . . . وەکو چۆن دواتر لە نێونەتەوایەتی یەکەمدا ، لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریا لە مەکسیکدا

(1868-1870)، و تادوایی (1870-1871) لە فەڕەنسادا.

ئاوا کۆمۆنیزم خۆی چەکدارکرد بە چەکی تێگەیشتنی یەکلاکەرەوەو هەموو جۆرەکانی ڕیفۆرمیزمی ڕیسواکرد و هەنگاوێکی بنەڕەتی نا بەرەو چەسپاندنی پڕۆگرامەکەی خۆی.لەڕاستیدا ،هەر لەهەمان کاتدا ،کۆمەڵێکی زۆر لە تیئۆری و پارتە بۆرجوازیەکان(هەردوو باڵە شەرعی و نا شەرعیەکەی سۆشیال ـ دیمۆکراتی)کرێکارانیان کردبووە ئامانج و بۆ یەکەم جار خۆیان خستەڕوو وەك بەرپەرچدانەوەیەکی پەرەسەندنی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریا . ئەم هێزو ئایدیۆلۆجیانە ڕیسوای هەندێ لە درندەیی کۆمەڵگای بۆرجوازیان کرد و کەوتنە پێشنیارکردنی "چارەسەرەکان" و ڕیفۆرمەکان کە ناوەڕۆکی کۆمەڵگای بازرگانی وەکو خۆی پاراست، بۆ نموونە تیئۆرو پلانەکەی پرۆدۆهان.هەندێك لەمانە ناوی خۆیان نا سۆشیالیستەکان، پێشکەوتنخوازەکان،ئەنارکیەکان،سۆشیال ـ دیمۆکراتەکان، کۆمۆنیستەکان، دژە ـ دەسەلاتەکان. . . بەڵام ئەوە ئاشکرابوو(3) کە هەموویان تەنها دەربڕینێکی بێ کەڵکی چەپی کۆمەڵگای بۆرجوازی خۆی بوو هیچی تر وە پڕۆگرامەکەیان تەنها ڕوو لەوەبوو کە یەکێك یان چەند سەرئەنجامێکی "نالەباری" کۆمەڵگای بازرگانی لابەرێت و بەس،خانە بنچینەییەکە (کالاّ) ، بەرهەم هێنانەوەکەی،کۆمەڵگای بەرهەم هێنانی بەها و بەوپێ یە ئاڵوگۆڕ و کاری بەکرێ بێ دەسکاری پارێزراوبێت.

ئاوا دژایەتی بەکردەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بەڕووی دوژمنی ڕیفۆرمیزمدا وە گەلاڵەبوونی پڕۆگرامی شۆڕش خۆشی پەرەیان سەند و خۆیان داکوتی بەشێوەیەکی دەست بەجێیی.گۆڕینی حکومەت، "دیمۆکراسی کردنی"دەوڵەت، دەستگرتنی دەوڵەت بەسەر بەروبوومدا ، ڕیفۆرمی زەوی وزار، بانقی تایبیەت بە هەژاران یان بەخشیش بەشێوەی کۆپۆنی ئیش. . . هەرگیز ناتوانێت بەڕاستی دژ بێت بە دیکتاتۆریەتی گشتی بەها کە بەهایەتی خۆی تاوئەدات وە ئەوە گەمژەییە کە وابزانرێت لەڕێ ئەوانەوە ئەوە ئەکرێت.تاکە چارەیەك، بۆ هەموو مرۆڤایەتی، لەناوبردنی یاسای بەهایە ، *تێکشکاندنێکی تەواو بەزۆری زۆرەملێیی ئابووریە* .ئەمە مەرکەزی، دڵی پڕۆگرامی کۆمۆنیستی یە ،کلیلەی پڕۆگرامی شۆڕشگێڕی تێکشکاندنی سەرمایەداریە بۆ خەباتگێڕانی ئەمڕۆ هەروەك چۆن بۆ خەباتگێڕانی دوێنێش وابووە.

پێویست بوون بە تێکشکاندنێکی بەزەبرووزەنگی هەموو پێکهاتە کۆمەلآیەتیەکانی بۆرجوازی، بە ڕێکخراوبوونی پڕۆلیتاریا وەك چین و وەك حیزب، بە دیکتاتۆریەتی هەژاران و دواتر، زۆر بەڕوونتر،بە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بەماوەیەکی زۆر بەر لەوەی مارکس و ئینجلس ناوەڕۆکی پڕۆگرامی شۆڕشگێڕی لەدەوری تێکشکاندنی ئابووری داڕێژن لەئارادابوو.لەڕێی مارکس و ئینجلسەوە، پێویست بە بوونی وە ئیمکانی بوونی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بناغەی بەکردەوەی خۆی داکووتی،بەو پێ یە بەرپەرچدانەوەی هەچ جۆرە بانگێشەیەکی خەیاڵیانە (یۆتۆپیایی)بۆ گۆڕینێکی ڕادیکاڵیانە بەبێ تێکشکاندنی کالآ(کۆمۆدێتی) .لەوکاتەوە ئیتر دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگای بازرگانی بەکردەوە( لەکەڵ ئەوەشدا کە هەمووجارێك بەڕەسمی نەبووە) نووسراوە لەسەر ئالآی هەموو خەباتێکی ڕاستەقینەی پڕۆلیتاریا دژی سەرمایەداری و دەوڵەت.

تا ئەوکاتە شۆڕشگێڕەکان بە یۆتۆپیا ئەبینران(4) ، بەلآم ئێستا ئەتوانرێت ئەوە نیشان بدرێت کە لەڕاستیدا ڕیفۆرمیستەکان و "شۆڕشگێڕە" ناوبەناوەکان(جزئی) بوون کە یۆتۆپیاکانیان ئەخولقاند.

*"ئەوەی کە خەونێکی خەیالیە شۆڕشێکی ڕادیکاڵ یان ڕزگاربوونێکی سەرتاپایی مرۆڤ نی یە . . .بەڵکو نیمچە شۆڕشێکە، شۆڕشێکی سیاسی ڕووتە، شۆڕشێکە کە پایەکانی دامەزراوەکە بەپێوە ئەهێڵێتەوە" (مارکس،" ڕەخنەی فەلسەفەی مافی هێگل" 1844).*

بەهۆی ڕادەی ئەو شێواندن و تەزویرە ئایدیۆرلۆجیەی کە باڵی بەسەر حاڵی حازردا کێشاوە، ڕۆشنکردنەوەی ئەلف و بای پڕۆگرامی شۆڕشگێڕی زیادەڕۆیی نی یە. کاکڵەی سەرمایەداری ئەمڕۆ (وە ناشبێت وا نەبێت)دەقاودەق هەر وەك ئەوەی دوێنێ یە. وەکو چەندین جار لەوەبەر دووپاتمان کردۆتەوە، پڕۆگرامی شۆڕشگێڕی جێگیرە؛ تەنها دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریاو سەرئەنجامی لەوناوبردنی کاڵاو کاری کرێگرتەیە کە چارەسەری ڕاستەقینە ئەداتە مرۆڤایەتی.

ئێمە زۆر خۆشحاڵ ئەبین بەوەی کە بچینەوە سەر قسەوباس لەسەر ناوەڕۆك و بواری ئەوەی کە ئێمە، کۆمۆنیستەکان، پێی ئەڵێین *دیکتاتۆریەتی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریا*، پێمان خۆشە کە تەرکیز بکەینە سەر ئەولایەنە دیاریکراوانەی پڕۆگرامەکەمان کە تێکدراوەو شێویندراوە لەلایەن دژەشۆڕشەوە و بنەڕەتی ئەبێت لەکاتی ئەو شەپۆلەی خەباتی شۆڕشگێڕی جیهانیدا کەیەت.

لە دەستپێکردن بە تێکشکاندنی دیکتاتۆریەتی بەها (ڤالیۆ)وەك پێویستیەکی مێژوویی، ئەوە ئەبێتە گرنگیەکی بنەڕەتی کە شەڕبکرێت دژ بەهەموو ئایدیۆلۆجیەکان( وەکو سۆشیالیزم لە نەتەوەیەکدا )کە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا ئەبینێت وەك دیکتاتۆریەتێکی سیاسی، وەك دیکتاتۆریەتێکی ڕەسمی (فۆڕمەڵ)ئەم یان ئەو بەش لە "پڕۆلیتاریا" یان "پارتی سۆشیالیست". ئەبێت ئێمە بەرپەرچی ئەوانە بدەینەوە بەو تێگەیشتنەی خۆمان کە سیمای *کۆمەڵایەتی* (سیمای *سەرتاپایی* )دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا تۆڵەسەندنێکی مێژوویانەی بەهای بەکاربەرە دژی بەها، *پێداگرتنی پێویستیە مرۆییەکانە دژ بە پڕۆسیسی بەها*. ئەمە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە بۆچی پڕۆلیتاریا هەرگیز ناتوانێت دیکتاتۆریەتەکەی خۆی بسەپێنێت، وەك ململانێیەکی سەرکەوتوو دژ بە کاڵا و هەموو یاساو دەستوورەکانی، تەنیا *لەسەر ئاستێکی جیهانی نەبێت*. ئیتر ئەوە ئاشکرایە، جگە لەو خەباتە بەرجەستانەی چین دژی چین، وەکو لە مەکسیکدا لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا، لە ڕووسیادا لە 1917-1919، لە ئەڵمانیادا بەماوەیەکی کورت دوای ئەوە یان لە ئیسپانیادا لە ساڵانی سیەکاندا لەئارادابوو، کە خەباتمان کردووە دژی هەزارو یەك دەربڕینی یاسای بەها، قسەکردن لەسەر "دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا"لە هەچ وولاتێکدا بێ مانایە. هەتا لەو کاتە نموونەیانەشدا لە ڕێکخراوبوونی چالاکی شۆڕشگێڕی کە پەنجەمان خستۆتەسەر، تەنیا ئەتوانین قسە لەسەر *پێش هاوشێوە* و *هەوڵدان* بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریەتی
چینایەتی بکەین نەك لەسەر دیکتاتۆریەتی
پڕۆلیتاریا خۆی، کەتەنیا ئەتوانێت جیهانی بێت.

لەسەر هەمان بێ مانایی تەحریفی و ڕیفۆرمیستی تیئۆری هەڵلووشی سۆشیالیزمی یەك-نەتەوەیان داهێناو چینی سەروەری جیهانیش لەزەتی لەوە بینی کە سەبارەت بە" وولآتە سۆشیالیستەکان" یان" وولآتە کۆمۆنیستەکان" بدووێت، دەستە هەرە ڕادیکالەکانی چەپی بۆرجوازی مارکسیزمیش هەستان بە داهێنانی تیئۆری دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا لە وولآتێکدا،یان هێشتا خراپتر، تیئۆری دەوڵەتی کرێکاری، لەسەرەتادا لە ڕووسیادا و دواتر لە وولآتەکانی تردا.

هەروەها ئەمانەوێت پێداگرین لەسەر ئەوەی کە چۆن پێویست بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە سەربەخۆکان لەلایەن یەکە بەرهەم هێنەرەکانەوە، هەڵوەشاندنەوەی سەربەخۆیی فرۆشیارەکان و کڕیارەکان،لەدان و داواکردنی وە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکسانی تاکەکەسی و سەربەستیەکەی بۆ بڕیاردان(هەرە بنچینەیی کۆمەڵگای بازرگانی)سیمایەکی جەوهەری دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریایە وە لە بەیەکادانە هاتووەکانی پڕۆلیتاریادا ئەبێتە بابەتێکی یەکلاکەرەوە.ئەمانەوێت دووپاتی ئەوە بکەینەوە کە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا نەك تەنیا ئەبێت کۆمپانیەکان لە باری ئێستایاندا هەڵوەشێنێتەوە، بەڵکو هەروەها ئەو یەکانەی کە سەربەخۆن لە بڕیار–دانیاندا،جا چ وەك کۆمەڵەکارگەکان وەك گرووپێك بێت یان وەکو بەشە ئابووریەکان بێت، لەهەردوو حاڵەتەکەدا مانای وایە کە ئاڵوگۆڕ لەئارادایە لەنێوانیاندا. ئەمانەوێت نیشانی بدەین کە هەڵوەشاندنەوەی دیمۆکراسی بەهەموو دەربڕینەکانیەوە،نەك تەنها پارلەمانی بەڵکو هەروەها"شورایی" ، کرێکاری، هتد پێویستیەکی بنەڕەتیە.دواجار،بەڵآم کەمترین نا،ئەمانەوێت برەوبدەین بە ڕەگەزە کلیلەییەکان لە خەباتدا دژی دەستە ئایدیۆلۆجیەکان(وەکو فیدرالیزم، کرێکارچێتی، "ئەنارکیزم" ، . . . )کە بوونەتە کۆسپێك لەبەردەم پەرەسەندنی سەنترالیزمی شۆڕشگێڕی و ئۆرگانیکی دژبە یاسای بەها.

*پێداگرتنە پڕۆگرامیەکانی شۆڕش پەرەئەسێنێت لە بەربەرەکانێدا لەگەل پێداگرتنە پڕۆگرامیەکانی سەرمایەداری* و هەوڵە ڕیفۆرمیەکانیدا،هەربۆیە ئێمە بەتایبەتی وا هەست ئەکەین کە بواری تیانیە هەر ئەبێت ئەم هێڵە گشتیانە بکێشین لەم نووسراوەدا سەبارەت بە دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا بەسەر دیکتاتۆریەتی بەها، دیکتاتۆریەتی ئابووریدا. هەرچۆنێك بێت، برەوپێدانی زیاتری بابەتەکانی پەیوەست بە تێکشکاندنی دیکتاتۆریەتی بەهاوە دوورمان ئەخاتەوە لە ئامانجی ئەم نووسینە و بەزووی ئەبێتە جێی سەرنجی نووسینێکی تر(5).

*توێژینەوەی کراوە لەسەر دیکتاتۆریەتی ئابووری*

ئێمە لێرەدا ئەمانەوێت دەستنیشانی هەندێ بواری دیکتاتۆریەتی ئابووری ئەمڕۆ بکەین، پەرەسەندنی دیکتاتۆریەتی هاوچەرخی سەپێنراو بەسەر هەموو مەیدانەکانی ژیانی مرۆڤدا لەلایەن پڕۆسیسی بەهاوە ،لێکۆڵینەوەی فۆڕمی حاڵی حازری زاڵ بەئامانجی بەرزکردنەوەی بابەتی بوونی مرۆڤ بەڕووی جانەوەری بێ ڕوودا کە ئەویش ئابووری یە.

هەتا لەگەڵ ئەوەشدا کە دیکتاتۆریەتی ئابووری هەمیشە سیمای جێگیری سەرمایە بووە ، هەر چۆنێك بێت پڕۆسیسێکی درێژی وویست بەر لەوەی خزمەتی ئابووری ببێتە ئەرك، پێویستی قوربانی دانی کەسێك لەپێناوی پێشبڕکێدا ، ناچاربوون بە دانی توانایەك بە ئابووری نەتەوەیی یان هەچ داوایەك کەقایشی کەمەرەی ئابووری"پتەو ئەکات"ئەکرێت بەکراوەیی ڕاگەیەنرێت.ئاوێکی زۆر ڕۆی بەژێر پردەکەداو وە خوێنێکی زۆر ڕژا لەسەر ئاستی جیهانی تا لەدواجاردا گەشتە ئەوەی کە ئەوە وەربگیرێت وەك بڕیارێکی سروشتی شتەکان کە مرۆڤ بێ نرخەو ئەو شتەی کە گرنگە ئابووری نەتەوەیە ،پێشبڕکێکەرێتی یە...

لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆمەڵگای بۆرجوازی، بەتایبەتی ئابووری نەتەوەیی، هەمیشە بوونی مرۆڤی وەك تاکە مانایەکی دەوڵمەندبوون لەبەرچاوگرتووەو بەس، سەرمایەداری بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو ئامانجەکەی خۆی حەشارداوە ( بەلایەنی کەمەوە لەڕووی ئایدۆلۆجی و بەشێوەیەکی جزئی)و هیچ کام لە حکومەتەکان نەیان توانیوە کە بلێن، بەو شێوە ئاشکرایەی کە ئەمڕۆ ئەیلێن، لەسەر خەڵکی پێویستە کە ژیانیان بکەنە قوربانیی بەرژەوەندیە ئابووریەکان.فراکشنە باڵادەستەکانی بۆرجوازی ئەگەڕێن بۆ(وە،بۆ بەشی زۆری،دۆزینەوەی) ڕێگاکانی بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی و پێویستیەکانی چینەکەیان و فراکشنەکەیان بە بەرژەوەندی چینەکەیان بەپلەی یەکەم وە ،هەموو کۆمەڵگا بەپلەی دووەم(بارودۆخێکی بنەڕەتی یە بۆ دەست ئاواڵە بوونی چینی زاڵ لە سەپاندنی خۆیدا بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی تەقینەوە بەربلاوەکان) . هەرگیز هیلاك نابن لە دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە کێشەی بێ بەش بوونی جەماوەر چارەسەر ئەکرێت لە ماوەیەکی مام ناوەندی یان درێژدا وە ئیتر جیهان ئەبێتە شوێنێکی ئاسوودە. حکومەتەکان مزگێنی داهاتوویەکی یەگجارخۆشیان پێداوین بەهەمان شێوەی کە قەشەو مەلاکان مزگێنی مەملەکەتی بەهشتیان پێدەداین.

ئەمڕۆ، قسەوباسی لەو بابەتە لەئارادا نی یە، چی تر مزگێنی داهاتوویەکی خۆشتر لەسەر زەوی نی یە، باسی چارەسەرکردنی برسێتی و داماوی نی یە- ئەوان بەئاشکراو بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕائەگەیەنن کە پێویستە ئێمە بەردەوام بین لە خواردنەوەی خۆماندا و لەگەڵ ئەوەشدا داهاتوو هێشتا هەر خراپتر ئەبێت. لەڕابردوودا، ژمارەیەکی کەمیش بڕوایان بەوەبوو، ئەوە ئەوترا کە بێ دەرامەتی لەکۆڵ ئەبێتەوە، لەبرسێتی و نەداری دەربازئەبین بە پەرەسەندنی ئابووری وە بەو پێ یە،لەداهاتوودا، تابێت کەمتر ئەبنەوە.ئەمڕۆ، هەتا مەبەستیشیان نی یە ئەو ڕاستی یە بشارنەوە کە لەو جیهانەی کە ئەوان مزگێنی لێ دەدەن، هەمیشە خەڵکانێك ئەبێت کە لە تەنگانەدا ئەبن، وە تا بێت زیاتر و زیاتریش ئەبن لەسەر خۆڵە عەمەلەکان.

سیاسەت مەداران و ئەندامانی حکومەت چیتر ووتار نادەن بۆ داواکردنی قوربانی دان بەناوی جیهانێکی باشتر بۆ هەمووان.ئەوان بەئاشکرا بانگێشەی پێویست بوون بە ڕەوانەکردنی خەڵکانی زیاتر بۆ بێ کاری، برسێتی، داماوی، . .دەکەن،پێویست بوون بە بڕینی کلفەی کۆمەلآیەتی، هتد دەکەن، چونکە ئابووری ئەوەی ئەوێت بۆ ئەوەی بزنسەکان بەتوانا بکات لەپێشبڕکێکردندا.بۆ گەیشتن بەوە پەرەسەندنی سەرمایە تەنها یەك پڕۆگرام ئەسەپێنێت بەسەر هەموو فراکشنەکانی بۆرجوازیدا، هەتا زیاتر ووتارەکانیان بەرەو ئەوە بچێت کە لەیەك بچن، زیاتر ئەوە دیارە کە جیاوازی نی یە لەنێوان سیاسەت مەداران و حکومەتەکاندا. کەمپینەکانی هەڵبژاردن، خەباتە پارلەمانیەکانیان و ئینقلابەکانیان پڕۆگرام و فراکشنە جیاوازەکان دانامەزرێنێت دژ بە یەکتری، بەڵکو ئەوان تەنیا ململانێ ئەکەن لەسەر بەشیان لە دەسکەوتەکاندا، لە بەرتیل و تێکەولێکەکانی تردا، کە دەنکە دەنکە دابەش ئەبێت بەسەریاندا بەگوێرەی توندووتیژی/سووربوونیان لە خەباتەکەیان بۆ بەرزکردنەوەی چەوساندنەوەو بەدەستهێنانی زێدەبایی: هەتا زیاتر بەتوانابن لە چوارچێوەدان و پەیوەست بوون بە پێوانە توندوتۆڵەکانەوە، بەشەکەیان زیاترە.

ئابووری بۆخۆی بۆتە بابەتێکی زاڵ لای هەموو سیاسەت مەدارو حکومەتەکان. لەڕابردوودا، جێگای یەك لاکەرەوەی ئابووری شاردرابۆوە لەپشت ئاین، سیاسەت یان ئایدیۆلۆجیە جۆربەجۆرەکانی ترەوە و هیچ ڕێگایەك نەبوو کە ئابووری بەکاربهێنرێت وەك بەڵگەی هێزێك دژ بە بوونی مرۆڤەکان؛ جگەلەوەش، ئەگەر هەچ سیاسەت مەدارێك و حکومەتێك غیرەتی ئەوەی ببوایە کە پەردەی لەسەر نهێنی دەسەلآت لابدایە و بەئاشکرا ئەوەی بووتایە کە پێویستە هەمووان لەسەر تاشەبەردی ئابووری، لە بەهێزکردنی ئابووری نەتەوەدا ببنە قوربانی، ئەوا بەبێشەرم دائەنرا.

تاوانی ئالۆزی ڕەچەڵەکی بۆرجوازیەت( ئەوەی کە سیستمە کۆمەڵایەتیەکەی خۆی سەپاند بەناوی خەڵك و دادپەروەری کۆمەڵایەتیەوە- " ئازادی،یەکسانی،برایەتی" ) بردی بەرەو ئەوەی کە ئەو ڕاستی یە بشاریتەوە کە ئەم سیستەمە قوربانی ئەدات بە بوونی مرۆڤ لەبەرخاتری پارە.سیاسەتمەداران ئەو گاڵتەجاری و ڕۆشنیەیان حەشارداوە کە ئابووری ناسەکانی بۆرجوازی( لەبابەتی دەیڤد ڕیکاردۆ) دۆزیویانەتەوە و یاداشتیان کردووە لە بەرهەمە زانستیەکانیاندا.سیاسەتمەداران، ئایدیۆلۆجیستیەکان، پیاوەکانی حکومەت ئەرکی پاراستنی "نهێنیەکە"یان لە چوارچێوەی"داهێنەرانە"دا گرتبووەئەستۆ. ئەمڕۆ، بە پێچەوانەوە، ئەوان زۆر بەئاشکراو بە بەربلاوی ئەوە ڕائەگەیەنن کە: تاکە شتێك کە گرنگ بێت ڕاکردنە بەدوای قازانجدا،توانادانە بە ئابووری نەتەوەیی و ئەگەر خەڵکیش بکەونە هەلاکەتەوە بەهۆی ئەو مۆتەکەیە وە،ئەوە ئیتر پێویستیەکە.هەموو سیاسەتمەدارێك هەوڵی ئەوە ئەدات کە خۆی هەڵکێشێت بە لێهاتوویی لەبەدەست هێناندا، بەوەی کە داوا لە دانیشتوان بکەن کە زیاتر .ئیش بکەن و کەمتر وەرگرن

تێکشکاندنی مرۆڤ و تێکچوونی هاوکاری نێوان کەسەکان گەیشتۆتە ئاستێکی شێتی: ئەوە بۆتە شتێکی سادە، معقول و سروشتی کە خەڵکی حەقە برسی بن بۆ ئەوەی بزنسەکان بتوانن قازانج بکەن.بەو شێوەیەی ڕێنومایمان ئەکەن کە چەترەکانمان لەگەڵ خۆماندا بەرین کاتێك بارانە، بەهەمان شێوە پێمان ئەڵێن کە سەدەها هەزار کەس، ملیۆنەها لە مرۆڤەکان ئەبێت ئازار بچێژن لە پێناوی ئابووری نەتەوەدا،وە ئەڵێن تاکە ڕێگاش بۆ دەربازبوون لەم نەگبەتیە زیاتر ئیش کردنە.وەك ڕێگایەك کە لێوەی هەوڵی ئەوە ئەدەن ڕووتمان کەنەوە لەو دەنکە هاوکاریە چینایەتیانەی کە هێشتا لەئارادا ماون، داوای ئەوە ئەکرێت کە تەبەروعات بدەین بە ڕێکخراوە نا حکومیەکان(ئێن جی ئۆ) یان کەلەوپەلە بەکەڵکەکانی ناو دوکانی گەڕەکەکانمان بکڕین و بیدەین بەوان بۆ .ئەوەی بینێرن بۆ نەدارەکان لە پارچەیەکی تری جیهان. خۆبەختکردن و بەختیاری تاکەکەسی فەرمانی ئەمڕۆن

ڕوونکردنەوە یان بەهانەهێنانەوەی زیاتر بەڕاستی پێویست نی یە ـ ئەوە ئاشکرایە کە ڕاددەی لەبەریەکترازان، ڕاددەی نامۆبوون لە پێویستیە مرۆییەکان و لە کۆمۆنەی مرۆیی هێندە بەربلاوە کە بەتەواوەتی بەلای هەمووکەسێکەوە ئاساییە کە سیاسەتمەداران چەندین سەعات چەنەبازی بکەن سەبارەت بە سەرژمێریە ئابووریەکان،سەبارەت بەوەی کە پێویستە لەسەر خەڵکی خۆیان بەختکەن بۆئەوەی بزنسەکان قازانج بکەن. بەرجەستەبوونی،واقیعیەتی مرۆڤ،گۆڕدراوە بۆ بابەتێکی پەتی(ڕووتی) تەواو، بەو پێ یە ئەوەی کە بە بەرجەستەو و حەقیقی ئەبینرێت بەلای جەماوەرێکی بێ شوومار لە هاووڵاتیە ـ تەماشاکەرەکان لە ڕاستیدا

بابەتێکی ڕووتی (ئەپستراکشن) تەواوە : خێروبەرەکەتی وولآتەکەیە ،داهاتووی ئابووری نەتەوەییە .شۆڕشی بەناوبانگ لە کۆمۆنێکەیشندا (پەیوەندی بەستن) ،ئەوە لەڕاستیدا لێکترازانی مرۆڤی بردە ئاستێکی وا کە هەرگیز لەوەبەر نموونەی نی یە ، هۆکارێکی تەواوبوو لەم گشتی بوونەوە ئەپستراکشنەی ڕەگەزی مرۆڤدا .شتێکی مەحاڵ بوو کە قەناعەت بە پڕۆلیتاریەیەك بکرایە لە سەدەی ڕابردوودا یان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بەوەی کە ئەوە ئەو نی یە ،هاورێکانی نی یە ، مناڵەکانی نی یە ، دایك و باوکی نی یە ، . . .بەواتایەکی تر چینەکەی، مرۆڤایەتی. . . نی یە کە گرنگە ، بەڵکو "پیۆانەکەی ماستریچیتە" ، " پلانی ئەلف یان پلانی با "ی میرکۆژەیە (6) ، "سوودوەرگرتنی ئابووریەکەمانە لەم سەرانەیەی دوایی" . . . ، ئەم ئەبستراکشنە مافێکی بوونی مەزنتری هەیە لە مرۆڤ کە لە گۆشت و خوێن پێکهاتووە. لەبەر ئەمەیە کە ئەو پڕۆلیتاریایەی بەگوێرەی پێویستیەکانی خۆی و پێویستیەکانی چینەکەی هەڵئەسووڕێت پیلان ئەگێڕێت دژ بە فەرمانە دیمۆکراتیە دامەزراوەکان.

مناقەشەکردنی ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئەم بارودۆخە ئاستی بابەتی و مێژوویی هەموو سیستەمە کۆمەڵآیەتیەکەی بۆرجوازی دیاری ئەکات، ئەوەی کە چینی سەروەر چی تر لەتوانایدا نی یە کە هیچ پلانێکی زیندوو بۆ ڕەگەزی مرۆڤ بخاتەڕوو ،یان بە پێچەوانەوە ، ئایا ئەم بارودۆخەی ئێستا نهێنی ئەوە ئاشکرا ئەکات کە ئەم سیستەمە ئەتوانێت درێژەبدات بە سەپاندنی هەچ جۆرێك بێت لەخۆبەختکردن، ئەوەی کە پڕۆلیتاریا لەتوانایدا نی یە کە خۆی پێکبهێنەتەوە وەك چینێك، وەك هێزێکی مێژوویی لەئێستای مێژووەکەماندا ، لەچوارچێوەی ئەم نووسینە بەدەرە. لە هەچ حاڵەتێکدا بێت، ئێمە لەو بڕوایەداین کە هەردوو ئەم واقیعە سیمای بارودۆخی ئێستای ئینتەرناسیونالیستی یە ، تا ئێستا هەر چۆن چینی سەروەر هەمیشە وا خۆی ئەنوێنێت کە هیچ ڕادەی (لیمیت) بۆ نی یە وە پڕۆلیتاریاش تەنیا ناو بەناو و بەشێوەیەکی ناوچەیەیی وەڵآم ئەداتەوە ، بەبێ ئەوەی بتوانێت خۆی پێکبهێنێت وەك هێزێکی جیهانی. ئەم بارودۆخە بەردەوام ئەبێت لە پێداگرتن وەك هاوجووتێك لە سیمای ناکۆکی خەباتەکانی (سەردەمی ئەمڕۆ (7.

*ئەزمە" یان " بووژانەوە" ، هەمیشە هەر قەوانە کۆنەکەیە"*

ئەزمە هاتۆتە ئاراوە ، ئەبێت پشتێنەکانمان قایم کەین" ، " بووژانەوە لەناسکیدایە ، تەنها تۆزێکی تر تێکۆشانی" ئەوێت" ، . . . " ئێمە ڕووناکایی لە کۆتایی تونێلەکەدا بەدی ئەکەین، ئێستا کاتی ئەوە نی یە کە داواکاریەکان بخرێتە

ڕوو"، " ئێمە خەریکە بەرەو باشی ئەچین، بەڵام پەرەسەندن هێشتا کزە" . . . ئەمە ئەوەیەکە چەپ و ڕاستی ئەم دیمەنە (سپیکتاکل) ئەیدات بەگوێماندا بەمەبەستی سەرشۆڕکردنمان بۆ دیکتاتۆریەتی ئابووری. ئەگەر ئەم ئابووریە نەعلەتی یە خراپ ڕۆی ئەوا ئەبێت ئێمە قوربانی بدەین بۆ ئەوەی بیخەینەوە سەر ڕێچکە، ئەگەر باش ڕۆی، ئەوا ئەبێت ئێمە بەردەوام هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی گرفتی تووش نەبێت و بەوپێ یە زیاتریش پەرەبسێنێت، ئەگەر لەپەلەفاژێدابوو، ئەبێت ئێمە *قوربانی زیاتری بۆ بدەین* تا بتوانێت پێی هەستێتەوە. ئەمە ڕۆشنترین فەرمانی ئەو سیستەمەیە کە ئێمە گیرۆدەین. ئەوەی کە پێمان ئەڵێن ئەوەیە کە " بەردەوام بە لە سەوڵ لێدان، شتێکی مەحاڵە ".کە ئەم سەفینەیە جێ بێڵێت

ژیان بەهیوای ئەوەوە کە ڕۆژێك دێت حکومەتێك، پارتێکی سیاسی، نەقابەیەك یان کەناڵێکی تەلەفیزۆن. . . ئەو هەواڵە خۆشە ڕائەگەیەنێت کە لەمڕۆ بەدواوە ئیتر ئێمە ئەتوانین ژیان بەسەر بەرین بەبێ خۆبەختکردنی زیاتر، ئیتر ئێمە لە ژیانێکی باشتردا ئەژین و تەنانەت فەقیرترینیش سەنگین ئەبێت، بەهۆی بەرزبوونەوەی کڕێ و یارمەتی کۆمەڵایەتیەوە، هەمووماں ئیش کەمترئەکەین و زیاتر ئەخۆین، ئەمە هەر وەکو ئەوە وایە .باوەڕ بە بابە نۆئیل بکەیت بۆ ئەوەی بەهیواوە بژیت

:تێبینیەکان

(1)بەدەقیق تر، حەقە بڵێین" ڕەخنەگرتن لە دەربڕینە تیۆریەکەی ئابووری" چونکە ئێمە مەبەستمان لە یەکەم پێکهاتن و شیکردنەوەی تیۆری ئەم پڕۆسیسەیە. لەڕاستیدا، دیکتاتۆریەتی بەها لەنەشونماکردندایە لە ڕەچەڵەکی ئاڵوگۆڕەوە، لە سەربەخۆیەتی بەهای ئاڵوگۆڕکەرەوە و پەرەسەندنی هاوتایی گشتی، هەتا گەیشتن بە دامەزراندنی کۆمۆنەی پارە وەك کۆمۆنەیەکی *تاك و بێ وێنەی* سەرشۆڕکەری مرۆڤ: هەموو بەشەکانی مرۆڤ

بووە سەرشۆڕی ئەم دیکتاتۆریەتە ( پراکتیك ئەوەی نیشاندا ، دژ بە هەموو جۆرەکانی ئایدۆلۆجی، بە "مارکیست)ەکەشیەوە ،کە لەو ساتە مێژووییەوە ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی شێوە دەستبەجێکانی بەرهەم هێنان، مرۆڤ تەنها بۆتە هێزی کار بۆ بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەی جیهانی و بەس) .لەبەر ئەوەی پرۆلیتاریا تاکە ماددەی ئەم دیکتاتۆریەتەو وە دژیەتی لەسەرتاپایدا ، بەشێوەیەکی بوونیی و ناوەرۆکی،لەگەڵ هاتنەئاراوەی خۆیدا ڕەخنەگرتنی ئەو لە ئابووری سەری هەڵدا.

(2) بێگومان، سەرمایەداری هەر بەردەوامە لە ووتنەوەی ئەوەی کە هەندێ لە خاوەن کارەکان(بۆسس) چەوسێنەرن( وەکو ئەوەوی هەموویان وا نەبن)یان دیکتاتۆرن، هەندێ لەکەسە شێتەکانی وەك پینۆشێ، هێتلەر یان سەدام بەرپرسن لە جەنگ و بەربەریەت.

(3) ووشەی "ڕۆشن" نابێت بەمانی دیمۆکراتی ووشەکە وەربگیرێت، بەو مانایەی کە زۆربەی پرۆلیتاریاکان بەڕۆشنی دوژمنەکەی خۆیان دەستنیشان ئەکرد لەناو ئەو بزووتنەوانەدا ، بەڵکو بەو مانایەی کە پراکتیکی کۆمەڵایەتی هەموو ڕیفۆرمیستەکان بەشێوەیەکی مەوزوعی خۆی دژە بە بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی سەرتاپای پرۆلیتاریا ، بەو مانایەی کە ڕیفۆرمیزم،جا هەر شێوەیەکی بێت، کۆمەڵگای بازرگانی،بنەچەی هەموو مۆتەکەکان(ئیڤڵ) بەرهەم دێنێتەوەو پارێزگاری لێدەکات.تەنها کەمایەتیەکی زۆر یان کەم ڕێکخراو بوو، زۆر یان کەم مەرکەزی بووە لە هێزێکی سەربەخۆدا بەگوێرەی سەردەمەکە ،لەتوانایدایە بەئاشکراو بە ڕاستەوخۆیی ئەوە ڕسوا بکات.ئەوە ئاشکرایە کە سووربوون لەسەر پرۆگرامی شۆڕشگێری، بەرئەنجامی بەربەرەکانێی گشتی هەموو پرۆلیتاریا دژی کۆمەڵگای سەرمایەداری ، تەنها ئەکرێت کە هۆشمەندانە پوختە بکرێت لەلایەن کەمایەتیەکی پرۆلیتاریاوە؛ بانگێشەکردنی پێچەوانەی ئەوە هەر وەکو ئەوە وایە کە ئیشبکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی چینەکە ،تێکدانی چالاکی مێژوویی پێکهاتنی پرۆلیتاریایە وەك حیزبێك.

(4) مەبەستمان ئەوە نی یە کە تا ئەو ساتە شۆڕشی سەرانسەری خەیاڵ یك بووە ، بەڵکو پرۆگرامەکان، پرۆژە کۆمەڵایەتیەکان تا ئەو کاتەش لە بۆچوونەکان(ئایدیاکان)و ئارەزووەکانی شۆڕشگێڕەکانەوە لەدایك ئەبوون و هێشتا تێکەڵ بوون لەگەڵ پووختەکردنی جیهانی ئەو دەمە .لەبەرئەوە ، جگەلەوەی کە شۆڕشگێڕەکان تەواو بەپێچەوانەی ئەو ڕیفۆرمیستانەوە هەڵنەسووڕان ، پرۆژەکانیان دەربڕی هەمان ئاست لە خۆدابڕین(ڕەبچە ) و بەربەرەکانێ نەبوو. بۆ نموونە ، ئێمە مەبەستمان لە هەموو ئەو شتانەیە کە پێیان گوتراوە " سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمی خەیاڵی" کە تیایدا پێداگرتنە شۆڕشگێڕیەکان ژیاوە لەگەڵ سووکە ڕیفۆرمەکانی بۆرجوازی جیهانیدا.

باشترین ڕێگا بۆ پەرەپێدانی ئەم خالآنە پشت بەستنە بە شیکردنەوەکانی تاقیکردنەوەکانی پڕۆلیتاریا لە (5)
هەولدانە شۆڕشگێڕیەکانیدا، زۆر بەتایبەتی لە شیکردنەوەی هۆکانی بەزینەکانی. بەم مانایە، ئێمە بەردەوامین لە
ئیشکردنی پڕۆگرامیی سەرەکی لەسەر سەردەمی شۆڕشگێڕی 1917-1923 ی جیهانی،
هەروەها لەسەر هەولدانە شۆڕشگێڕیەکان لە مەکسیکدا لە سەرەتای ئەم سەدەیەو لە ئیسپانیادا لە سالآنی
.سیەکاندا

.ڕێکەوتنی بازرگانی بۆ یەکخستنی ئەرجەنتین، بەرازیل،ئۆرگوای، پاراگوای پێکەوە (6)

لەسەر ئەم بابەتە خوێندنەوەی " نیشانە گشتیەکانی خەباتەکانی ئەم سەردەمە" لە کۆمۆنیزمی ژمارە دوو دا (7)
.بەکوردی، یان ژمارە نۆ بە ئینگلیزی ...بەکەڵکە

# پێشنیـاری  ئینتەرناسیونالیستی

تێکڕای ئەو پێشنیارە ئینتەرناسیونالیستی یەی کە لە کۆبوونەوەی مانگی شباتی سالی 1986دا
لە ئۆرگوای پێك هات.

## بۆ هەموو ئەو گروپ و تێکۆشەرانەی کە خەبات ئەکەن لەپێناوی شۆڕشی جیهانی پڕۆلیتاریادا

لە 22 و 23 ی شباتی 1986 دا، گروپێك لە تێکۆشەران( بەتایبەتی لە ئەرجەنتین و ئۆرگوای ) کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا، بەمەبەستی ووتوویژ کردن لەسەر باری ئێستای جیهان و ئەرکەکانی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ. کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیە بەوە هات کە بە ڕووی هێرشی بۆرجوازی جیهانی دژی پڕۆلیتاریا، بەڕوی باری ئەمڕۆی بێ هێزی شۆڕش دا، بەڕووی پرژ و بلآوی و لێك دابڕانی ووردە هێزی چینایەتی شۆڕش .. پێویستە یەکێتی و کۆمۆنیتی خەبات پێش بخرێت،بەمەبەستی زال بوون بەسەر ئەو کەم و کوڕی و بێ هێزیەدا، لە ڕێگەی بەرپەرچدانەوەی سێکتاریزم و مۆرکی نەتەوەیی، کە کاریگەری زالیان هەیە لەسەر تێڕوانینی خەباتی نێونەتەوایەتی. وەك هەولێك بۆ ئەم مەبەستە، ئەو هاوڕێ یانەی کە بەشداربوون لەم کۆبوونەوەیەدا هەلوێستی خۆیان لەڕێگەی ئەم پێشنیارە نێونەتەوەی یەوە ئەخەنە ڕوو:

## <u>هەندێ لەپێش چاوگرتن و بنەمای پێویست</u>

لەوانەیە دەست پێشخەریەکی لەم چەشنە بە غەریب وەربگیرێت، کە "لەم جێگایەوە" کۆمەلێ هاوڕێ ، یان گروپی نەناسراو، دێن و بانگەوازێك، یان پێشنیارێکی، لەم  چەشنە ئاراستەی هەموو ئەوانە ئەکەن کە لە زۆر جێگای تری جیهان دا بە توانایەکی تاڕاددەیەك بەهێز تر ، یان پێشکەوتووتر لەڕووی ڕۆشنی هەلوێستدا ئالآی نێونەتەوایەتی پڕۆلیتاریا و شۆڕشی جیهانی پڕۆلیتاریایان بەئاشکرا بەرزکردۆتەوە.

بەلآم لە ڕاستی دا ئەم بانگەوازە ، نە بانگێشەی "ئەم جێگایە" یە، و نە هەلوێستێکی " کوتوپڕە" ، بەلکو بانگەوازی بەردەوامی هەموو کۆمەلێکی شۆڕشگێڕە کە تێ ئەکۆشێت ئەو دیوارە بڕوخێنێت کە سەرمایە هەلی چنیوە، کە بوونی بێ هێزی خۆیان ئەبینن لەڕووی ئەو داپلۆسینن و پەلامارانەی کە بۆرجوازیەت یەك بەدوای یەکدا ڕووبەڕووی پڕۆلیتاریای ئەکاتەوە. بانگەوازی ئەوانەیە کە چ لەسەردەمی شۆڕشگێڕی دا و چ لەسەردەمی زالی دژە شۆڕشگێڕدا هەست بە دەرئەنجامی ئەو لاوازی و لەیەك دابڕانە ئەکەن، لاوازیەك کە تەنیا لەڕووی ژمارەوە نی یە، بەلکو لەڕووی سیاسیشەوەیە، چونکە ناکرێت لەچوارچێوەی نیشتمانی و ناوچەیی دا چارەی ئەو بارو زروفە بکرێت کە ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕەکان دەبێتەوە.
ئێمە دلنیاین لەوەی کە لەزۆر جێگای تری جیهاندا زۆر گروپ و تێکۆشەری تر لە هەلسوڕاندان، یاخود بەرەو پێك هاتن ئەچن، هەروەها زۆر تێکۆشەری تر لە خەباتدان بە مەبەستی خۆ داپچڕین و دژایەتی کردنی چەپی کلاسیکی، " ستالینیزم" ، تروتسکیزم" بەهەموو دەستەو تاقمەکانیەوە، دژایەتی کردنی سیاسەتی ڕیفۆرمیستی، کە پالپشتی بۆرجوازیەتە لە

چارەسەرکردنی کێشەکانی دا ، دژایەتی کردنی ئەو هەلوێستەی کە تێ ئەکۆشێت بۆ گۆڕینی شێوەی فەرمان ڕەوابی سەروەرێتی بۆرجوازیەت، یان پشتی بەرەی نیشتمانی ئەگرێت لە جەنگەکاندا ، ئەو خەباتگێڕانەی کە تێ ئەکۆشن بۆ پێك هێنان و پێشخستنی سیاسەتێك کە دژە بە هەموو گروپە بۆرجوازیەکان، کە سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و خەبات کردن بۆ لەناوبردنی دەولەتەکەیی و سەروەرێتی یەکەی ڕائەگەیەنێت دژی بۆرجوازیەت، بەبێ خۆ دان بەدەست بەیت و بالۆرەی شۆڕشی قۆناغ بە قۆناغ، یان هەنگاوەکانی ئامادەکردنی شۆڕش" دیمۆکراسیەت"ە وە .

ئێمە ئەزانین کە خەباتکردن دژی ئاراستەی تەوژمی دژە شۆڕشگێڕ چەندە زەحمەتە ، لە کاتێکدا کە هیچ هاوکاریەك نەبێت پشتی پێ ببەسترێت، کە توانای زیندووکردنەوەی ئەزموونە مێژوویەکانی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێر بێ هێزبێت، کە هیچ بەرهەمێکی تیۆری ـ سیاسی ئەساسی داڕێژراو بەدەستەوە نەبێت، لەگەل هەموو ئەمانەشدا بژیت لە بارێکی سەرکوتگەری ترسناکدا .

گەر بەلای هەندێکەوە مەسەلەکە گەیشتێ بێت بە ووتنەوەی هەندێ دەربڕین یاخود هەلوێست، بە جۆرێك کە لێدوان و قول بوونەوەیان لا پێویست نەبێت،وەکو ئەلف و باء ووتنەوە ، ئەوا بەلای هەندێکی ترەوە گەیشتێ بوو بەوەی کە هەرچی بەرهەم بێت، هەرچی بنووسرێت، خۆی لەخۆی دا دەربڕی ڕەوتێکە لە خەبات، واتە لە خۆداپچڕین، لە ترس و نا زەمانەت. لێرە ، لە قوتابخانەکاندا ، ووتەی کابرایەکی ناسراوی سەدەی ڕابردوو ئەخوێنرێت: " ناتوانرێت بیرکردنەوە بمرێنرێت" . لەهەمان کاتدا ئەوە فێربووین کە ئەوانەی جۆرە بیروباوەڕێك،یان هەلوێستێکیان هەیە ئەکوژرێن، وە چینی زال ئەتوانێت ئیستغلالی ئەزموون و تاقیکردنەوە و هەلوێست و بیرەوەریەکانی خەباتی پڕۆلیتاریای جێگا جۆراوجۆرەکانی جیهان بۆ ماوەیەکی دێرژ بکات بە بەرژەوەندی خۆی.

بۆ ئەوەی لێرەوە ئاگاداری ئەزمونەکانی بزووتنەوەی کرێکارانی جێگاکانی ترین،وەك بزووتنەوەی کرێکارانی بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەلەمانیادا ، وە بوونی بزووتنەوە چینایەتیەکەی ناو جەنگی ئەهلی ئیسپانیا ،کە دژی فرانکۆ و دژی جمهوریەکان بووە لەهەمان کاتدا ، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لە بوونی گروپی کۆمۆنیستی تر، ئەمانە خۆی بۆخۆی ڕەوتێك بوو کە داپلۆسینێکی دڕندانە ، " لەگەل گشت ئاوارەیی و دەربەدەریەك" ، و جەنگێکی وەك " جەنگی مالدین"ی کردە پێویست. بەم شێوەیە ئاگاداری مێژوویەکی نزیکی بزووتنەوەکەمان بووین کە لەوەبەر بێ ئاگابووین لێی.
شان بەشانی ئەم کردارە ئێستا دلنیاین لە بوونی زۆر گروپ لە زۆر جێگای تری جیهاندا کە لەدەرەوەی تەوژمی سیاسی چەپی کلاسیکی دا خەباتی خۆیان بەرپاکردووە ، وە هەست بە بوونی زۆری تر ئەکەین کە نایان ناسین و ئاگاداری چۆنیەتی خۆداپچڕینەکانیان نین لە گروپەکانی سەرمایە ، کە ئەمانە بە ئاستی جیاواز دەربڕی هێلی گشتی خۆداپچڕینەکانی پڕۆلیتاریان لە سیاسەتی سەرمایە .

ئەمڕۆ کە ئێمە گەیشتوین بە ئاستێك کە درك بە بوونی دیاردەیەکی بەو جۆرە ئەکەین، مانای وا نی یە کە ئەم بارەی ئێستای لاوازی و لێك دابران توانای گۆڕانی گرتۆتە بەر. بەلکو بەپێچەوانەوە ، نەك هەر ئاگاداری ئەوەنین کە لەم وولآت و لەو وولآتی دنیا دا چی ڕوو ئەدات، تەنانەت لەوەش ئاگادار نین کە چی ڕووئەدات لەم شار یاخود ئەو شار،یان گەڕەکی دراوسێ دا .
پێویستە ئەمە وا سەیر نەکرێت کە هاندەرەکە ویستی زانین یاخود ئامانجێکی ڕۆژنامەگەری یە : بۆ نموونە ، لە ئەرجەنتین ڕۆژی وا هەیە بەبێ ووچان ملوێنەها لە کرێکاران لە بەربەرەکانێدان. . . بەبێ بوونی هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوانیاندا ، وە زۆرجار بەبێ ئەوەی تەنانەت ئاگاداری ئەوەش بین کە خەبات هەیە ، ئەم دیاردەیە لەزۆر جێگای تر هەیە . گەر ئەمە حالی خەباتە فراوان و جەماوەریەکان بێت، ئەوا حالی پەیوەندی نێوان ئەو دەستەو گروپانەی کە لەئەنجامی ئەم خەباتانە پێك دێن باشتر نی یە .

ئێمە بێ گومانین لەوەی کە لەو وولآتانەی ئێمەی لێ نیشتەجێین، هەروەك جێگاکانی تری جیهان، زۆر کۆمەڵەو خەباتگێڕی کرێکاری هەن کە خەبات ئەکەن و دەپێشخەری بڕەوپێ ئەدەن بەمەبەستی داپچڕین لە سیاسەتی بەرە کردنەوە و یەکگرتن و پاشکۆیەتی لەگەل بۆرجوازیەت دا ، بەڵآم ئەوانە لە ئەنجامی نەبوونی سەرچاوەیەکی نێونەتەوایەتی خەبات، وە لەئەنجامی بوونی کاریگەری قورسی بۆرجوازیەت لە ناو بزووتنەوەی کرێکاراندا ئەڕوخێن، لەلایەن گروپەکانی سەرمایەوە ئەقۆزرێنەوە ، یاخود بەکورتی بێ سەرو شوێن دەنگیان نامێنێت.
ژمارەیەکی کەم لەوانە ئەتوانن بەرگەی یەکەم لێدان بگرن، بەڵآم بێ گومان ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی لەق ئەبنەوە کە ئەنجامەکەی دابڕانی سیاسی و پێویستی تێ پەڕبوون بە زۆر قۆناغ و داڕشتنی سەرلەنوێی ڕێگای تێکۆشانە ، بەم جۆرە خۆبینینەوە لەبەردەم دەرگایەکی داخراودا ، پاشان دەست پێ کردنەوە سەرلەنوێ لە سفرەوە لەسەر زۆر بابەت. بەم شێوەیە هەموو ئەو کێشانە ئەبنە واقیعێکی ڕۆژانەی گران و وەك لوغمێك ئەبێتە تەگەرەی بەردەمی هەموو پڕۆژەیەکی خەباتی ئەو هێزە لاوازانە ، ئەمە شان بەشانی هەموو لێدانێکی سیاسی و ئابووری تر کە ئەو هێزانە ڕووبەڕووی ئەبنەوە .

ئایا ئەلتەرناتیفێکی تر جگە لەو ڕێگایە لەبەردەستدایە؟ ئایا پەیڕەوکردنی هێلێکی شۆڕشگێڕی نێونەتەوایەتی، یان بەلایەنی کەمەوە ناوەڕۆکێکی ئەو هێلە ، پێویستە هەر بەو جۆرە ئەنجام بدرێت، واتە هەنگاو بە هەنگاو، گروپ بە گروپ، شار لەدوای شار، وولآت دوای وولآت، نەوە دوای نەوە؟ ئایا پێویستە هەر لایەنێك بەهەمان هەنگاودا بڕوات،وە بەرهەلستی هەمان کێشەکان بکات، خۆی با بەدەم هەمان لێدانەوە، ووشەو ڕستەکانی باش فەحس بکات بۆ پێك هێنانی هەمان دەربڕین، پاش ئەم ڕێگا دوور و درێژە ، پاش ئەوەی بەهێز بوو وە بووە "حیزب" ، کۆببێتەوە لەگەل لایەنە "هاوتا" کانی تردا ، یان گەر کەس نەبوو ئەوا برەو بە هێزی خۆی بدات وولآت دوای وولآت؟
ئێمە بڕوامان وا نی یە کە ئەمە تاکە هەلبژاردن بێت، بەلکو بڕوامان وایە کە بەم ڕێگایە ناتوانین شتێکی بەکەلك ئەنجام بدەین. بە پێچەوانەوە ، بڕوامان وایە کە تاکە ئاسۆیەك کە ڕووی تێ بکرێت خەباتی نێونەتەوایەتی یە . هەروەك چۆن باس کردن لە بوونی کۆمەلگای کۆمۆنیزم خەیالە تا تاکە وولآتێکی سەرمایەداری لە جیهاندا مابێت، هەر بەو شێوەیەش باس کردن لە ئینتەرناسیونالیزم ئەبێتە خەیال،کا تێك کە ئەو ئینتەرناسیونالیزمە تەنها بە ڕاگەیاندنی هاوکاری لەگەل ئەم یاخود ئەو خەباتی کرێکاران لە جیهاندا نیشان بدرێت، یان بە چەند دەربڕین و دروشمێکی بریقەدار دژی جەنگ و چەکداربوون و ئیمپریالیزم نیشان بدرێت.

ئینتەرناسیونالیزم بەلای ئێمەوە تێگەیشتن و مەبەستێکی ترە ، بریتی یە لە هەولدان بەمەبەستی تەجاوەزکردنی ئاستی کۆمۆنیتی ئینسانی، چونکە چوارچێوەی ئینتەرناسیونالیزمی شۆڕشی پڕۆلیتاریا پێویستی بە یەکێتی و لەیەکدانی هەموو توانا شۆڕشگێڕیەکانە بە ئاراستەی داڕشتنی ستراتیجیەکی یەکگرتوو لەسەر ئاستی جیهان، وە هەروەها لایەنە پێویستی یە سیاسیەکەشی لە ڕووی ئەو ئەرکانەی کە بەرەوڕوومان ئەبنەوە لە وولآت و ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا .

ئاشکرایە کە ناتوانرێت چارەی ئەم مەسەلەیە بکرێت نە بەڕێگای وویستێکی پاك وتەمیز و نە لە ماوەی شەووڕۆژێکدا ، وەنە بەکردەوەیەکی دوور و درێژی" پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی زانستی" یە ، وەك نێونەتەوایەتی دووەم ، وە بێ گومان زۆر لایەنی تریش، وای نیشان ئەدەن، وە نە بەڕێگای " کۆکردنەوەی هێزی یەك بەیەکی تێکۆشەرەکان" ، یان بە ڕێگای داڕشتنی " تیئۆرێکی تەواوەتی" ، وە یان بەڕێگای پێك هێنانی " سەرکردایەتی یەکی وا کارامە کە لەکاتی پێویستی خۆی دا بێتە گۆڕەپانی جەنگەوە" ، ئەو کاتە پێویستەی، کە داهاتوویەکی هەمیشە دوورە ، کە خەباتی پڕۆلیتاریا دژی سەرمایە ئیتر بۆتە خەباتێکی ڕۆژانەی بەردەوام، بەلای ئەم ئاراستە سیاسیانەوە ئەو خەباتە ڕۆژانەی یە پێویستە تەوقیت بکرێت، یان حەشار بدرێت ، یاخود لەیەکتر جیابکرێنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانن بەکاری

بهێنن، وەك هەمیشه وایان کردووه ، به بەرژەوەندی گروپێك له له گروپه بۆرجوازیەکان دژی گۆروپێکی تر( که بەلایانەوه گوایه خراپترە ، دواکەوتوو ترە ، فاشیست ترە . . ) .

ئەگەر حیزبی چینی کرێکار ئەوه نەبێت که ئەو گروپانه دەری ئەبڕن و بەناو بانگێشەی پێکهاتنی ئەکەن له وولآتێك یان چەند وولآتێکدا ، ئەگەر دژ بین به تێگەیشتنی " حیزبی چینی کرێکار" ، وه ئەو تێگەیشتنه ڕابگەیەنین که " چینی کرێکاری خۆ ڕێك خستو له چینەکەی دا ،واته له حیزبەکەشی دا" ، که ئەمه یاری کردن نی یه به ووشه ، وه بەرپەرچی تێگەیشتن و بیروڕاکانی سۆشیال دیموکرات( ستالینیزم، تروتسکیزم. . . ) بدەینەوه سەبارەت به حیزب وەك دەزگایەکی ڕۆشنبیران، هۆشیارەکان، یان جەماوەری کرێکاران. . . هتد، یان وەك هەلگری هێلێکی ڕاستەقینه و خۆ پێك هێنەر بەشێوەیەکی ئیرادی له چوارچێوەی وولآتێکدا ، که چاوەڕێی ئەوه ئەکات جەماوەری ناووشیارو نەشارەزا بەدوای کەوێت. یان که نێونەتەوایەتی بەلایانەوه بریتی یه له فیدرالیزمی چەند حیزبێك، یان حیزبێك که پەل و پۆی هاویشتووه بۆ وولآتانی جیهان. . . هەموو ئەم هەلوێستانه داوای خۆداپچڕینێکی تەواوەتی و بەکردەوه ئەکات لەگەل هەموو ئەو بۆچوون و هەلسوکەوتانەدا که دژن به ئینتەرنالیزمی پڕۆلیتاریا ، وه خۆیان له خۆیاندا هیچ نادەن به دەستەوه جگه له سلوکێکی ناسیونالیستی و بەرگری کردن له وولآت.
لەناو ئەم تاقمەدا ، لەهەموویان ڕونتر ئەوانەن که پێشخستنی ڕێکخراوەکەیان( یاخود گروپەکانیان) وەك مەسەلەیەکی ناوخۆیی ،یان نیشتمانی ئەبینن، ئامانجیان ئەوەیه پێش هەموو شتێك " خۆیان" بەهێزو پێگەیشتوو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن له داهاتوودا له سەنتەری هێزەوه پەیوەندی ببەستن لەگەل گروپەکانی تردا. ئەم ڕێکخراوانه پێویسته بخرێنه ڕوو بۆ دژایەتی کردنیان، بەتایبەتی لەڕێی مناقەشات و نووسین لەسەریان.

یەك بینینه جیهانیەکانی ئەو گروپانه وەك بابەتی "خاوەندارێتی تایبەتی" بەخۆیان نیشان ئەدرێت، واته هەلسوکەوتکردنی دووڕوی یانەی حوکم ، سال خستنه سەرسال بۆ کۆبوونەوەی دەوری " شۆڕشگێڕەکان" له " نەتەوه یەکگرتوەکان"دا ، ئەمەش هەلسوکەوتەکانی پارتەکانی نێونەتەوایەتی دووەم باشترین نموونەیەتی.
ئێمه ڕامان وایه که ئەم ڕێگایه به حەتمی ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی تازه و ئەفسانەی نوێ مان ئەکاتەوه، هەر لەبەر ئەم هۆیەیه که ئەبێت خەبات کردن نەوەستێنرێت دژی هەموو بۆچوون و بەرژەوەندیەکی دیاردەی گروپ چێتی، ئەو دیاردە ترسناکەی که ڕۆژانه ئەو دابەش کردنه دووپات دەکاتەوه که لەلایەن بۆرجوازیەتەوه کرێکارانی لەسەر ڕێکخراوه
وەك خزمەت چی بازاڕەکان و حکومەتەکان، واتەخستنەوه بەرهەم هێنان و دووباره بەرهەم هێنانەوەی ئەو زێدەباییەی که لێ یان دەردەهێنرێت.

## دەربارەی هەندێ لایەنی تر

---

ئێمه نازانین ئەوەی که له پێشەوه خراوەته ڕوو بەسه بۆ گەیاندنی پێشنیارەکەمان یاخود نەء، وه یان پێویست به پەرەپێدانێکی فراوانتر ئەکات، بەلآم لەگەل ئەوەشدا به پێویستی ئەزانین دەستنیشانی هەندێ خالی ئیحتیات بکەین.
زۆرن ئەوانەی له داهاتوودا داوای ئەوەمان لێ ئەکەن : کەبی و تاچڕاددەیەك و چۆن پێویسته هەستین به خۆ ڕێکخستن لەسەر ئاستی تێڕوانینی ئینتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریا؟ به چ جۆرێك ئەمه دیاری ئەکرێت؟ کێ پێی هەلئەسێت؟

ڕوونە لای هەمووان کە کەس بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خەبات تێکەل بکات، یاخود تەنانەت بەیانێکیش بلاوبکاتەوە، لەگەل ئەوانەی کە لەبەرەی دوژمندا سەنگەریان گرتووەو تێ ئەکۆشن. ئەوەش ئاشکرایە کە لەگەل دوژمنی چینایەتی دا بە هیچ جۆرێك نە ڕێککەوتن، وەنە چوونە ناو ڕیزەکانی یەوە، بە هەچ مەبەستێك بێت، لە ئارادانی یە.
بەڵام مەسەلەکە هەر ئەم هەلوێستە چینایەتی یە نی یە بە ڕووی دوژمندا، بەلکو ئەو ڕاستی یەشە کە لەناو ئەو گروپانەدا کە بەرەی دوژمن پێك ناهێنن، زۆر جار دەمارگیری ، یاخود تێڕوانینی سەرژمێریانەی پاك دەوری تێکدەری خۆی ئەبینێت. واتە هەلسەکەوتی سیاسیانەی لێك جیاکەرەوە، پێك هەلپڕژان لەسەر " مشتەری" هاوبەش، یان گرتنەبەری هەلوێستی نیشتمانی ، یاخود پاراستنی " قەلآی تایبەتی" داپۆشراو بە توندوتیژ.
ئێمە ناتوانین خۆمان لەو مەسەلەیە بدزینەوە، لە کاتێکدا کە بابەتەکە پێشنیارێکی ئینتەرناسیونالیستی خەباتە. بەڵام با ئەوە ڕوون بێت کە کەس لە ئێمە بیر لەوە ناکاتەوە کردار بکات لەگەل گروپێکدا کە بانگێشە بۆ نێونەتەوایەتی چوار، یان ماویزم، یاخود جیهانی سێ یەم ئەکات.

گەر نیشانەکانی دوژمنی چینایەتی لە هەندێ حالەتدا ڕوون و ئاشکرابێت، ئەوا لە هەندێ حالەتی تردا شاراوەیە و زەحمەتە دەست نیشان کردنی هەلوێستێکی ڕوون لەو ڕووەوە، ئەمەش بەتایبەتی لە حالەتێکدا کە هەنگاو ئەنێت بە ئاراستەی مەبەستێك کە لەگەل خۆی دا پێشکەوتنێکی هەلگرتووە لەڕووی وەزعی ئێستای بێ هێزی و لێك دابڕان و پرژوبلآوی یەوە.
ئێمە بێ گومانین لەوەی کە ناتوانرێت بنیاتی کۆمەلێك ئەرکی " پرۆگرامی" بکرێت کە بە تەواوەتی دوور بێت لە کاریگەری هەلپەرستی یەوە، تەنها لە حالەتێکدا ، ئەویش گەر لەوانە بێت بتوانرێت، کە ئەو ئەرکانە تەنها گروپێك خۆی لەگەل خۆی لەسەری ڕێك بکەوێت. چونکە ناتوانین بلێین کە هاوڕێ یان یاخود گروپی تر، لەم وولآت یاخود ئەو ناوچەی دنیا، بەهەمان شێوە گەیشتوون بە هەمان شت، بەهەمان ئاست لەخەباتدان. ئەوانە لەگەل ئەوەی خاوەنی ئەم یاخود ئەو بۆچوونیش بن، گەر ئەم بۆچوونانە بەشێوەیەکی فراوانیش بلآوکرابێتەوە لە هەندێ ناوچەدا، هەمووی بەرهەمی تاکە مێژوویەکە کە بەشی کەسی پێوە نی یە، هەر لەو مێژووەشەوەیە ، کە لە پێشەوە دەستمان خستە سەری، کەم یاخود هیچ نازانرێت لەسەری لە جێگاکانی تر.

لەم ڕووەوە سالێك مانگرتنی کرێکارانی کانەکان لە بەریتانیادا، کە نەبووە فاکتەرێك بۆ دەست پێشخەریەکی جدیی بۆ پێك هێنانی بەریەرچدانەوەیەکی کۆمەکی نێوان زۆر گروپ لە جیهاندا، تەنها لاوازی سنوری تەسکی خەبات دەرنابڕێت، بەلکو دەربری کاریگەری سێکتاریزم و ئەو تێگەیشتنانە ئەکات کەلەلایەن سۆشیال دیمۆکراتەکانەوە بە باشی بناغەی داکوتراوە.
لەڕووی جەنگی نێوان عێراق ـ ئێران دا، لەڕووی وەزعی کرێکاران لە ئەفەریقای خواروودا، لە بۆلیڤیا و زۆر جێگای تری جیهان دا کە پرۆلیتاریا لە خەباتدایە، وە لێدان لەسەر لێدان بۆرجوازیەکان هەموو سەرهەلدانێکی سەرکوت ئەکەن، بە چ هەلوێستێك، یاخود وەلآمێك ، گەر بچوکیش بێت، هەستاین لەسەر ئاستی جیهانی؟ چۆن ڕووبەڕووی ئەو وەزعە بینەوە؟ چۆن دەست نیشانی خالە سەرەکیەکانمان بکەین لە پێناوی ڕاگەیاندنی داواکەماندا، بەمەرجێك بتوانێت هەر لە سەرەتاوە خۆی بپارێزێت لە ترسناکی کەوتنی هەولەکەمان بەر لە دەست پێ کردنی ، کە زیندە بەچال نەکرێت! ( چونکە یا ئەبێت پێشنیارەکە غامچ و ناڕۆشن بێت، کە هەموو کەس " خراپ و باش" بە هینی خۆی بداتە قەلەم، یان زۆر دیاری کراوو داخراو بێت کە تەنها ئەوانە بگرێتەوە کە هەر لە ئێستاوە بنیاتی کارێکی هاوبەش ئەکەن پێکەوە).
بەلای ئێمەوە تەنها مەرجێك کە بتوانین خۆمانی پێ بناسێنین هەلسوکەوتە (ممارسە)، ئەمەش لەبەشی دووەمی پرۆژەکەدا ڕوون کراوەتەوە. گەرچی هەلسوکەوتیش و هەموو لایەکانی تریش ناتوانن خۆیان لە تاکە " زەمانەتی" بنەڕەتی بەدوور بگرن کە ئەویش : خەباتە.

# پێشنیـاری ئینتـەرناسیونالیستـی

---

بە ئامانجی:

بەشداری کردن لە وەرچەرخاندنی باری ئێستای بێ هێزی و پرژوبلاوی گروپە شۆڕشگێرییەکانی پرۆلیتاری جیهانی، وە بەهێزکردنی توانای بەشداری کردن لە خەباتی چینایەتی دا.
هەروەها بەمەبەستی،بەهێزکردن و بروودان بە هەلوێست و تێڕوانینی لەیەك نزیك، بەمەبەستی ڕێکخستن و چڕکردنەوەی هێزێکی نێونەتەوەیی یەکگرتوو، کە ئەمڕۆ ئەو توانایە هەیە لەگەل هەموو بێ هێزی و هەلەکانی دا، ئێمە پێشنیاری ئەم خالآنەی خوارەوە ئەکەین:.

1. بەرپەرچدانەوەیەکی یەکگرتوو لەڕووی پەلامارەکانی سەرمایەدا ( بۆ نموونە دەربارەی بزووتنەوەی کرێکارانی کانەکان لە بەریتانیا، بزووتنەوەی کرێکاران لە ئەفەریقای خوارو، دژی جەنگی عێراق ـ ئێران. . .هتد) : بلآوکراوەی هاوبەش، شالآوی کۆمۆنیستانە، لێکدانەوەی سیاسیانە، یەکتربینین، پەیوەندی هاوڕێ یانەو ئاراستەدانی یەکگرتوو بەڕووی ئەو بابەتانەی کە ڕووبەڕووی پرۆلیتاریای جیهانی دەبنەوە.

2. بەمەبەستی پێك هێنانی بلآوکراوەیەکی هەوال نامەیی:
أ. دەربارەی خەباتی کرێکاران، لەڕێگای بلآوکردنەوەیەکی فراوانی ئەو خەباتانە وبە پێی توانا دەست خستنە سەر لایەنی گرنگی خەباتی کرێکارانی جێگا جیاجیاکانی جیهان، لە ڕێگای ناساندنیان بە خەباتگێڕانی جێگاکانی تر، بەمەبەستی پتەوکردنی بوونی نێونەتەوایەتی پرۆلیتاریا و هاوڕێ یەتی پرۆلیتاریانە.

ب ـ دەربارەی گروپی سیاسی جیاواز، نەك تەنها لەسەر ئەو لایەنانەی کە هاوبەشی بانگەوازەکە ئەکەن، بەلکو لەسەر ئەوانەی کە دوژمنیشن، چونکە ناساندنیان فاکتەرێکی پێویستە بۆ خەباتی بەربەرەکانی کردنیان.

ج ـ زیندووکردنەوەی ئەزموونی مێژوویی و دووبارە بلآوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە خەباتی پرۆلیتاریای جیهانی بەرهەمی هێناون لەماوەی خەباتی دوورودرێژی پرۆلیتاریادا دژی سەرمایەو هەموو مێژووی چەوساندنەوە.

3. پەرەپێدانی ووتوێژی تیئۆری و سیاسی لەنێوان لایەنە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە بە ئاراستەی پێك هێنانی هەلوێست و تێڕوانینێکی یەکگرتوو، وە وەك بەشداری کردنێك لە پەرەپێدانی هەلوێستێکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی یەکگرتوودا.

لە نێوان ئەوانەی کە نەك تەنیا دەربڕی ئەم کۆمەلە خالەن، بەلکو خۆیان ئەبیننەوە بەشێوەیەکی کرداری لە ئاستی کردارێکی یەکگرتوودا و تێ ئەکۆشن بۆ پێشخستنی ئەم بانگەوازە ـ بەتایبەتی خالی یەکی ئەم بانگەوازەی"خەباتی هاوبەش" . لەنێوان ئەمانەدا پێویستی یەکی سەرەکی یە کە لێدوان و موناقەشاتی بەمەبەست پێك بهێنرێت.

4. ڕێکخستنی جیهانی گەیاندنی شت بەیەکتری، ئەمەش داوای پێك هێنانی تۆڕێکی خۆش دەستی ئال وگۆڕ و هاتووچۆ ئەکات، کە بنکەیەکی ماددی پێك ئەهێنێت بۆ خالی حەوت.

5. بوونی گۆڤارێکی جیهانی ، نەك وەك دەرزی دان لە نووسین و هەڵوێستی جیاوازی گروپەکان. بەڵکو وەك پێویست ببێتە چەکێکی پتەوکردنی خەبات و چالاکی هاوبەش، لە پێناوی دامەزراندن و بلاّوکردنەوەی هەڵوێستی هاوبەش، هەروەها و بێ گومان، بە ئامانجی پەرەدان بە مناقەشاتی عەلەنی پێویست کە پەیوەست بن بە بابەتی زیندووی ئەرکەکانی ئەمڕۆی خەباتەوە ، لەسەر ئەو چالاکیانەی کە بڕیاردراون، هەروەها لەسەر بابەتی "کراوە" ، کە بە کۆمەکی ڕێك ئەکەوین لەسەر گرنگی یەکلاکردنەوەیان.

6. لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی هەموو لایەنەکاندا ، یاخود تا ئەو ڕاددەیەی کە ڕێککەوتنی یەکگرتوو بوار ئەدات، ڕێگا بدرێت بە بەشداری کردنی گروپەکانی تر لە بلاّوکراوەکانماندا ، وە بە پێچەوانەشەوە. وە هەروەها بلاّوکردنەوەی نووسینی لایەنەکانی تر کە ڕای خۆیان ئەدەن لەسەر ئەم پڕۆژەیەو لەسەر بابەتەکانی تر.

7. هەولدان بۆ پێك هێنانی لێدوانێکی "ناوخۆیی" هاوبەش، نەك تەنها لە چوارچێوەی گفتوگۆی " ڕەسمی و ئاشکرای" نێوان ئەم گروپ و ئەو گروپ، بەڵکو هەروەها بۆ برەودان بە ووتووێژی نێوان کۆمۆنیستەکان لەسەر ئەو بابەتانەی کە "لەڕوون" .

## تەواوی چالاکی و بڕیارە جۆربەجۆرەکانی ئەو گروپانەی کە بەشداری ئەکەن پێویستە بەشێوەی ڕێککەوتنێکی هاوبەش ئەنجام بدرێت، واتە بەشێوەیەکی کۆمەکی.

### ئەم داوایە ئاراستەی کێ کراوە؟

1. ئەوانەی کە لە جیهاندا بە خەباتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی سەرمایە هەل ئەسن، دژی جەنگە ئیمپریالیستەکان، یاخود نێوان گروپە بۆرجوازیەکان، دژی هەموو چوارچێوەیەکی بۆرجوازی( جا ڕەنگ و شێوەی هەرچۆنێك بێت) ،وە ئامانجیان بنیات نانی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریایە دژی بۆرجوازیەت، پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکەی ، دژی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە.

2. ئەوانەی کە پشتگیری ئەم لایەنی بۆرجوازی ناکەن دژی ئەو لایەنی تر، ئەوانەی کە نەبەرگری لە هاوپەیمانێتی چینایەتی ئەکەن، وەنە هاوبەشیششن تیایدا ، بەڵکو لەخەباتدان دژی هەموو بۆرجوازیەت.

3. ئەوانەی کە لەکردەوەدا ئەوە ئەگەیەنن کە کرێکاران " نیشتمان" یان نی یە ، کە ئەمەش تەنیا ئەوە ناگەیەنێت کە پرۆلیتاریا ناتوانێت بەرگری لە شتێك بکات کە نی یەتی، بەڵکو هەروەها ئەوەش ئەگەیەنێت کە پێویستە لەسەرمان و "ئەتوانین" بەشداری لە خەباتی شۆڕشگێڕی و ئەو ئەرکانەدا بکەین کە لە وولآتان و جێگا جیاجیاکانی جیهاندا سەر هەل ئەدەن، لەگەل ئەوەشدا کە بە بۆچوونی بۆرجوازیەت ئەو بەشداری کردنە ، یاخود" تدخل"ە، وا لەقەلەم بدرێت کە ڕەوانەکردنە (تێدیر) ، یاخود دەستدرێژی کردنە دژی " مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا" . ئەو یاسایەی کە هەموو جارێ بەرزکراوەتەوە لەکاتێکدا کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕو هێزە پێشڕەوەکەی هەولی بەهێزکردنی یەکێتی نێونەتەوایەتی داوە دژی دوژمنی یەکگرتوویان، ئەو مافەی کە شەقی تێ هەلدراوە کاتێك کە مەبەست ئەنجام دانی داپلۆسین و لەناوبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بووە.

4. ئەوانەی خەبات ئەکەنە دژی سیاسەتی" بەرگری کردن لە ئابووری نیشتمانی" ، لە مەنهەجی پەرەپێدانی ئابووری، دژی " قوربانی دان بۆ چارەسەرکردنی ئەزمە" . ئەوانەی کە بۆرجوازیەت ناتوانێت سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری و بەرگری نیشتمانیان

دەرخوارد بدات، هەتا لەو کاتانەشدا کە " وولاَتەکەیان" ڕووبەڕووی هێرشی ئابووری و سەربازی و سیاسی دەرەوە بۆتەوە. ئەوانەی کە بەردەوام لە خەباتدان دژی هەموو هێزێکی بۆرجوازی لەناو وولاَت و لە دەرەوەدا.

5. ئەوانەی کە خەبات ئەکەن دژی هێزی ئایدیۆلۆجی بۆرجوازی، کە هەولی بەستنەوەی پڕۆلیتاریا ئەدات بە ئابووری و سیاسەتی دەولەتی نەتەوەبی یەوە، وە هەولی چەك کردنی پڕۆلیتاریا ئەدات لە ژێر ناوی "واقیعەکە ئەوە هەل ئەگرێت"، یاخود" سیاسەتی" لەو دوو دڕندەیە ئەوەیان هەلبژێرە کە سەلامەت ترە".

6. ئەوانەی کە " گۆڕینی"، یاخود" گرتنەخۆی" نەقابەکان بە ئەرکی خۆیان نازانن، بەلکو بە پێچەوانەوە، نەقابە بە ئامرازێك و دامەزراوەیەکی بۆرجوازی و دەولەتەکەی ئەزانن. لەبەر ئەو هۆیە نەقابە بە هیچ جۆرێك نە دەربڕی بەرژەوەندی دەست بەجێ و نە بەرژەوەندی مێژوویی پڕۆلیتاریایە، هەرواش دوورە لەوەی کە هەتا بە ڕێکەوتیش بێت خۆی ببینێتەوە لە پڕۆگرامی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریادا.

7. ئەوانەی کە ڕێکن لەسەر ئەوەی کە یەکێك لە ئەرکەکانی زەمینەی خەبات بەردەوامی دانە بە شەڕی دژایەتی کردنی ئەو هێلەی کە ئاراستەی هاوپەیمانێتی چینایەتی هەل ئەچنێت، ئەو هێلەی کە نەقابە بەرگری لێ ئەکات. ئەوانەی کە سوورن لەسەر دژایەتی تەواوی نێوان نەقابە و چینی پڕۆلیتاریا.

8. ئەوانەی کە لە سنووری تواناباندا بەشداری پتەوکردنی هەموو هەولێکی " گەر چی لاواز و بچووکیش بێت" خۆ ڕێکخستنی پڕۆلیتاریا ئەکەن دژی سەرمایە، لە ڕێگای پەرەپێدان و گشتی کردنەوە و ڕۆچوونی خەباتی بەربەرەکانی کردنی سەرمایە.

9. ئەوانەی کە برەو بە خەبات ئەدەن دژی هەموو کردەوە داپلۆسێنەرەکانی سەرمایە، جا چ ئەو کردەوانەی بەڕێگا هێزی سەربازی ڕەسمی"حکومی" یە وە ئەنجامی ئەدەن، یاخود ئەوانەی بەڕێگای هاوڕێ مەدەنیەکانیانەوە، چ چەپ بێت یاخود ڕاست. ئەوانەی کە بەپێی توانایان هەولی پتەوکردنی هاوپشتیوانیان ئەدەن لەگەل گروپەکانی تری هاوڕێ یاندا کە دووچاری داپلۆسین بوونەتەوە.

10. ئەوانەی کە لە خەباتیاندا دژی بۆرجوازیەت و سیستەمەکەی، تەنها چەکیان ئاراستەی شێوەیەك، یاخود ئاراستەیەکی دیاری کراوی سەرمایە ناکەن،واتە ( لایەنی زیاتر دڕندانەتری بۆرجوازی، سەربازی. . .هتد) ، وە بەرگری ناکەن لە دیمۆکراسیەت و خەبات کردن بۆ بەرفراوان کردنی.

11. هەر بەو مەبەستە و لەڕووی سەنگەرگرتنی بۆرجوازیانەی فاشیزم / دژە فاشیزم دا، لە خەباتدان دژی سروشتی چینایەتی بۆرجوازیانەی جیهانی دیمۆکراسی و دژە فاشیزم، وە لە خەباتدان بۆ لەناویردنی دەولەتی بۆرجوازی،جا گرنگ نیە لە ژێر چ هێلێکدا بێت، بە مەبەستی لەناوبردنی سیستەمی کاری کرێ گرتە لەسەر ئاستی جیهانی ، لە ڕێگای لەناوبردنی کۆمەلگای چینایەتی و هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوەوە.
12. ئەوانەی کە ئینتەرنالیزمی پڕۆلیتاریا بەلایەنەوە لەسەر و هەموو شتێکەوە بریتی یە :لەخەبات کردن دژی بۆرجوازیەت لەهەر جێگایەك ڕووبەڕووی ئەبێتەوە، لەڕێگای هەرەسپێهێنانی(انهزامی) شۆڕشگێڕی لەکاتی جەنگدا ، کە بریتییە لە جەنگی شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریای جیهانی دژی جەنگی بۆرجوازیەت، واتە شۆڕشەکەی.

13. ئەوانەی بڕوایان وایە، لەگەل بۆچوونە جیاوازەکاندا دەربارەی حیزب، کە حیزبی پڕۆلیتاریا یان ئینتەرناسیونالیستی یە یاخود نی یە.

14. لەکۆتای دا، ئەوانەی بە پێی هێزوو مەرجی خەباتیان ئەرکەکانیان لە خەباتدا دژی بۆرجوازیەت وا دیاری ئەکەن کە دەربڕی دوو ئاراستەی بنەڕەتی بێت:
أ. تاودانی پێشخستنی سەربەخۆیی چینایەتی پڕۆلیتاریا،
ب . بەشداری کردن لە بنیات نان و برەوپێدانی نەهجی نێونەتەوایەتی پڕۆلیتاریا و حیزبە جیهانیەکەی.
واتە لەگەل ئەوەی کە مەرجی تایبەتی خەبات، هۆکارەکان، ئەرکە ئەولەویەکانی خەبات لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بگۆڕێت، بە حوکمی بوونی سەرمایەو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە بەشێوەی جیاجیا سەرهەلئەدات، بەلاَم ئاسۆ و ئامانجی تەنها یەکێکە، ئەویش پێك هاتنی پڕۆلیتاریایە وەك چین، وەك هێزێکی جیهانی بۆ لەناوبردنی سەرمایەی جیهان.

## چەند ڕوونکردنەوەیەك:.

\- - - - - - - - - - - - - - -

بڕوامان وایە کە زۆر زاراوە و دەربڕین پێویست بە چاککردن یاخود تەواوکردن ئەکەن. بە دلنیای یەوە ئێمە نەهاتووین سەرتاپا لەو لایەنەوە بەرگری لە پێشنیارەکە بکەین، بەلکو ئەوەی گرنگە لە لامان هێلی گشتی پێشنیارەکەیە.
لەسەرەتادا ، لە خیلالی مناقەشەکەکانماندا دەربارەی باری سەردەم و چۆنیەتی هەولدان بۆ دەست پێ کردن لە پێناوی وەرچەرخاندنی ئەم بارەی ئێستادا ، هەندێ هاوڕێ تاڕاددەیەك بێ هیوای یان دەربڕی، بەتایبەتی چۆنیەتی پێشوازی لێکردنی بانگەوازەکە و توانای بەجێ هێنانی.
زۆر باش بڕوامان وایە کە لە ڕووی پەلاماری ڕۆژ لەدوای ڕۆژی بۆرجوازیەت دا دژی پڕۆلیتاریا ، دژی هەولەکانی ( کە زۆر جار لاوازی و بێ هیوابی ئەدەن بەدەستەوە )بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ باری خەبات، بە ڕووی جەنگی نێوان بۆرجوازیەکاندا ، بە ڕووی کوشتاری بەردەوامی ئافرەت و پیاوو مندال و پیری کرێکاردا ، سیاسەتی سێکتاریزم، ئاراستەی بێ دەسەلآتی، " سیاسەتی دەست بەرداربوون لە ئەرکەکان بە ناوی ئەوەوە کە لە داهاتوودا یەینەوە سەریان" ، سیاسەتی بەرگری کردن ، بە هەرجۆرێك بووە ، لە باری ئێستای بزووتنەوەکە ، ئەمانە هیچی جێگای نی یە لەلای ئێمە .

دەست نیشان کردن و تێگەیشتن لەباری ئێستا تەنیا لەیەك ڕێگاوە ئەتوانێت خۆی دەربڕێت، ئەویش بە مەبەستی بەدەست هێنانەوەی زەمینەی وون بوو، وەزال بوون بەسەر بێ هێزیەکاندا .
بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئیلتزامێکی هاوبەش بخرێتەڕوو بۆ گۆڕانکاریەکی ڕادیکالی پەیوەندی جیهانی نێوان شۆڕشگێڕەکان، واتە تێپەڕکردنی پەیوەندی ساکاری ئالوگۆڕی نامەو نووسراو( کە زۆر جار ئەمەش بوونی نی یە ) ، بەرەو وەرگرتنی هەلوێستی یەکگرتوو لەڕووی هێرشی بۆرجوازیەتدا دژی پڕۆلیتاریا ، بەرەو هەنگاونان بەمەبەستی بەجێ هێنانی پەیوەندیەکی پێویست کە بتوانێت هێلی ووردبوونەوە و مناقەشات لەسەر ئەو باسانەی کە پێوستن بۆ بەهێزکردنی مەنهەجی هاوبەشی خەبات.

یەکێك لەو "پرسیارانەی" کە پڕۆژەیەکی بەم جۆرە ئەیان هێنێتە ئاراوە ، ئەوەیە کە : بەچ جۆرێك ئەم بەرنامەیە جێ بەجێ بکرێت؟

ئێمە دەست نیشانی پێنج خال ئەکەین ، گەر لای هەموان پەسەند بێت، بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی جێ بەجێ کردنی ئەم بانگەوازە .
ئێمە بانگێشەی ئەوە نادەین کە وەلآمی هەموو پرسیارەکان، یاخود کێشەکانمان بدەینەوە ، بەلکو تەنها ئیلتزامێك نیشان ئەدەین بەخەبات لەپێناوی بەدی هێنانی دا .

* ئاشکرایە کە بۆ ئەوەی زامنی بەدی هێنانی ئەرکێك بکرێت، یاخود دلنیای بەدی هێنانی خێرای هەندێ کردار بکرێت، پێویست بە یەکتربینینی ڕاستەوخۆ ئەکات. بەلآم ئێمە ڕامان وانی یە کە بەبێ ئەوە ئیتر هیچمان بۆ نەکرێ، بەتایبەتی لە مڕۆدا ، بەلایەنی کەمەوە بۆ ئێمە کە نیشتەجێی ئەم ناوچەیەی جیهانین.

* لە ئێستادا هیچ توانایەکی وا نابینین کە بتوانین کۆبوونەوەیەکی جیهانی پێك بهێنین، سەفەرکردن بۆ ئێمە (لە ڕووی ئابووریەوە) قەدەغەیە. سەفەرێك بە درێژایی هەشت هەزار کم ئەکاتە کرێی پانزە مانگانە ( زیاتر لە بیست مانگ، گەر بەو ڕاددە نزمە وەری گرین کە لەلایەن دەولەتەوە دیاری کراوە ) .

* بۆیە ئێمە وای ئەبینین کە لە هەنگاوی یەکەم دا ، پەیوەندی وئاگاداربوون و مناقەشات، لەنێوان هاوڕێ یان لە ئەوروپا و هاوڕێ یان لەدەرەوەی ئەوروپا ، بەڕێگای نامەونووسین ناردن بۆ یەکتری ئەنجام بدرێت.

بێ گومان ئەم تەگەرەیە دوامان ئەخات، سەرگرتنی کارەکانمان گرانتر ئەکات، بەلآم ئەوە ناگەیەنێت کە دەستەوەستان بوەستین ( بۆ ئاگاداری، گەیشتنی نامەیەك لە ئەوروپاوە پانزە تا بیست ڕۆژی ئەوێت، ئەویش ئەگەر مانگرتن لە ئارادا نەبێت) .

* باری ئاسایش ( ئەوەی باوەڕی بە شەرعیەت هەیە ، هەر تەنها کەرێکی بەرەلآ نی یە و بەس، بەلکو هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر شۆڕشگێڕەکان) دیسانەوە کۆسپێکی ترە ، بەلآم ئەتوانرێت وە پێویستە چارەسەر بکرێت.

* هەروەها زمان تەگەرەیەکی ترە. لەلایەن ئێمەوە تاکە زمانێك کە بتوانین پێی بنووسین ئیسپانی یە. هەندێ هاوڕێ مان بەگران ئەتوانن ئیتالی و ئینگلیزی و پرتوغالی بخوێننەوە. هەندێ هاوڕێی تر لە ڕێگای زۆرکردن لەخۆیانەوە ئەتوانن فەرەنسی تێ بگەن، بەلآم بەلای ئەلەمانی دا هیچ ناکرێت. زمانەکانی تر لای ئێمە" بوونیان نی یە" .

لەبەر ئەم هۆیە ، ئەو شتانەی کە بە ئیسپانی پێمان ئەگات جیاوازی ئەبێت لەڕووی بڵاوکردنەوەیانەوە لەچاو زمانەکانی تردا .

بۆ کۆتایی هێنان بەم دەست پێشخەریە ، ئەوەی بنەڕەتی بوو خراوەتەبەردەم ئەوانەی بەگرنگیەوە بەتەنگ بابەتەکە و ڕێککەوتن لەسەری دێن. لەداهاتوودا ئەو لایەنانەی کە پەیوەندە بە بابەتی" ڕێکخستنەوە" بەدەستیان ئەگات، واتە چۆنیەتی بینیمان بۆ جێبەجێ کردنی بانگەوازەکەو پێک هێنانی پرۆژەکە .

ئەمەش ناونیشانەکەمانە بۆ ئەوانەی پەیوەندیمان پێوە ئەکەن:

فێبریوەری 1986

# یاخی بوون لە بانیا لۆرە
# سێبتەمبەری 1993

وەکو لە نووسراوەکەماندا لەسەر جەنگی لە یۆگۆسلافیاو خەباتکردنی پڕۆلیتاریا دژی ئەو ڕووتکردنەوە بەردەوامە لە باری ژیان کە یاخی بووەکانی بەناچاری بردووە بەرەو تێشکانی بێ گومان لە بەرەکانی سوپای سێربدا ،ئەوەمان دووپات کردەوە کە هەتا لە خراپترین سەردەمی دژە ـ شۆرش دا تاکە بەدیلی زیندوی دڕندەیی سەرمایەداری بەردەوامی خەباتی چینایەتیمانە. لەگەل ئەوەشدا کە ئەو مەعلوماتانەی دەستمان کەوتووە لە ناوچەی شەرەکەوە زور پارچە پارچەن بەلام ئەوتوانەیەمان ئەداتێ کە ڕۆشناییەك بخەینە سەر تواناو ویستی بەئیرادەی پڕۆلیتاریا لە ناوچەکەدا ، سەر ئەوەی کە ئەو ئاستە لە نیشانە تێکشکێنەرەکان کە لەخۆی گرتووە وە ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکان کە هەلیگرتووە هەرەشەی ئاشکرای تێکشکاندنی هەموو دامەزراوەکانی تیابەدی ئەکرێت،وە ئەوەشی لێوە بەدی ئەکرێت کە بۆرجوازیەت تیایدا پەنا بۆ هێزە " بڕواپێکراو" و " مەلەکی"یەکانی بەرێت.

لە سەربازگای سێرب لە بانجا لۆکا ( باکوری ڕۆژئاوای بۆسنیا ) سێ تیمی سەربازی، دەستەی یەکەمی سەربازی کراجینا ، تیمی شانزەهەمینی ماتۆڕسواری وە لیوای یەکەمی زرێپۆش، لە 10 ی سێبتەمەردا یاخی بوون لە گێرانەوەیان بۆ بەرەی پێشەوەی شەر. یاخی بووە " سێربیەکان" ـ لەو دەقەیەوە کە بەیەکادانی ناسیونالیستی توایەوە ـ بە زرێپۆشەکانیانەوە چوونە ناو شار و دەستیان گرت بەسەر دام و دەزگا سەرەکیەکاندا ، بەتایبەتی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی محەلی،بەسەر هەموو شارەکەدا و بەسەر بنکەی سەرکردایەتی سوپادا ! ڕاپەڕیوەکان دەست بەجێ دەستەیەکی سەرکردایەتیان بۆ خۆیان دیاری کرد ، " بەڕێوبەرایەتیەکی مەرکەزی کوتوپڕ" ، ناوبراو بە " سێبتەمبەری 93" ، کە ڕابەڕایەتی ئەکرا لەلایەن ئەفسەرە بێ پلەکان و پلە نزمەکانەوە. ئەتوانرا نائب عەریف بدۆزرێتەوە لە سەرکردایەتیەکەیاندا !

داواکاریەکانیان بریتی بوو لە : زیادکردنی "کرێ بێ نرخەکەیان" ( بەهای یەك دۆلار بو مانگانەی سەربازێکی سادە ) ، گرتنی" بازرگانەکانی جەنگ، ئەوانەی لەبری ئەوەی بێن و لە سەنگەرەکانی شەردابن بەدوای دەولەمەند بوونەوەن بە دەست لەمل کردن لەگەل ئەوانەی لە دەسەلاتدان، خەریکی بەسەربردنی ژیانێکی خۆشن لە پشتەوە ، هەندێ جاریش لە ناوەندێکی مۆدرێندا" . "لیستەیەکی ڕەشی" 700 کەسی لەناوی ئەو بازرگانانە دیاری کرا و دەست کرا بە دەستگیر کردن. شەرەفی کردنەوەی زیندانە بۆگەنەکانیان لە هەندێ ئێواراندا دابوو بە سەرۆکی شارەوانی. مانگێك لەوەبەر سەربازەکان، کە هەر پڕۆلیتاریەکان بوون کرابوون بە سەرباز لە جل و بەرگی نیشتمانی دا ، بەئاشکرا بەرپەرچی باری نالەباری ژیانیان و هەرەشەی " چەکەکانمان وەرگێرین رووەو ئەوانەی لە پشتمانەوەن!" یان، بە زمانی خۆیان، دووپات ئەکردەوە. لەگەل هەموو ماوەی ئیجازەیەکدا ئەترسان لەوەی لە گەرانەوەیاندا خێزانەکانیان کە پەرەوازە کرابوون بۆ نەدۆزرێتەوە. پەرەوازەییەکی وا کە ئەگەر کەسەکان تیایدا بە دەردی خۆشیان بمرن ڕاست نی یە. ئەو بڕە پارەیەشی کە دەولەت دوای تیاچوونی ئەمان ئەیدا بە خێزانەکانیان تەنانەت ئەوەندە نی یە کە لاشەکانیانی پێ بخرێتە چال!

ئەم بزووتنەوەیە ڕاددەی قولی لێکترازانی کۆمەلایەتی کە لە جەنگەکەدا تائەهات فراوانتر ئەبوو خستەڕوو. لێرەدا، ئیتر ئەوە ئاشکرایە کە یەکێتی پیرۆزی کۆمەل پارچە پارچە بووە. هەموو "هەولەکان بۆ گرێدانەوە و پاکانەبۆ هێنانەوەی" بێ سوودبوو. لەو دەمەوە بۆرجوازیەت کەوتە سەپاندنی دەم داخستنێکی بەنەخشە لەوەی کە زۆر باسی ترس و لەرزەکانی بکرێت و بەنزین بکرێت بە ئاگرەکانی خەباتی چینایەتی دا. بۆرجوازیەکان ئەبوایە لە بیری "ماشینەوەکەیاندا بوونایە لەگەل بەووریاییەوە لەبەرچاوگرتنی بەیەکادانەکانی سێرب ـ سێرب بەشێوەیەکی وا کە مێژوو بەخۆیەوە نەیدیوە" . لەپشت ئەم پیاهەلدانە ڕۆژنامەگەریەی لۆمۆندەوە بۆرجوازیەت مەبەستێتی ئەو دڕندەییە حەشاربدات کە خۆیان تیا مت کردووە، تیرۆرکردنەکەیان بۆ پڕۆلیتاریەکان هەر کە هەستان بە خستنە کاری چەکە راستەقینەکەیان، چین دژی چین، دژ بەم کابووسە.

لەڕاستی دا یاخی بووەکان دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا بە هاوکاری پڕۆلیتاریەکانی تر. بوون بە دەربڕێکی شێوەدیار و کۆکراوەی ئەو بزووتنەوە نارازیە قولەی کە هەبوو. لەناو شاردا باردۆخەکە "ئارام" بوو، دەنگی دەقە چی تر نەئەهات لە شەودا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەولەت زاتی ئەوەی نەماوە یان چی تر بیر لەوە ناکاتەوە کە هێزە " بڕواپێکراوەکان" بنێرێت بۆ تێکشکاندنی ڕاپەرینەکە. ئەرکەکانی "Rambos" کە بەردەوام کرابووە سەرلەوحەی یەکەم لاپەرەی ڕۆژنامەکان دیارنەما لە جادە سەرەکیەکاندا، ڕامالرا لەلایەن ڕاپەرینەکەوە. بانجا لۆکا دوای چەند مانگێك بۆ یەکەم جار کارەبای بەردەوامی بەخۆیەوە بینی. شۆڕشگێرەکان دەستیان بەسەر بنکەکانی ووزە دا گرتبوو وە ووزەیان دەدا بەو ناوچەیەی کە لەژێر دەستیاندا بوو. دژی هەموو قوربانی دانە داسەپیوەکانی بۆرجوازی و جەنگە ئابووریەکەی پڕۆلیتاریا وەرچەرخا لە بانجا لۆکا بەزەبری کردەوەکانی و بەپێی هێزی داواکاری دەستبەجێی پێویستی یە بنەرەتیەکانمان!

هەر دەست بەجێ، دوای ڕاگەیاندنی یاخی بوونەکەی بانجا لۆکا، زۆرێك لە پڕۆلیتاریەکانی لیوا جۆراو جۆرەکانی سوپای سێربی بۆسنیَ بەرقیەیەی هاوکاریان ئاراستەکرد. سوپاس بۆ ئەم پشتیوانیەی یاخی بوەکان ڕایانگەیاندووە کە ویستویانە دەست بگرن بەسەر هەموو ئەم بنکانەدا. بەداخەوە، بەو جۆرە دەربڕینانە ناتوانیت بزووتنەوەیەك گشتی بکەیتەوە: ڕاگەیاندنەکان و بەرقیە پشتیوانیەکان بەس نین. لەپشتی ووشەکانەوە کردەوەکانن کە گرنگن. ئەگەر پڕۆلیتاریا مەبەستێتی بۆیەکجاری دەربازبێت لەو قەسابیەی کە بۆ زیاتر لە دوو سالە ئەمی پێ کەلەپاچە ئەکرێت لە ناوچەکەدا تەنها ڕێگاو تاکە ڕێگا گشتی کردنەوەی کردارەکانی وەرچەرخاندنی شۆڕشگێریە (defeatism revolutionary) . ئەبێت دەربازبین لە "سێربی" ، "کرواتی" ، "مسولمانی" و ریزەکانی تر کە سەرمایە هەول ئەدات ئێمەی پێ تێك بشکێنێت. پەرەسەندنی خەبات پێویستی یەکانی خۆیی هەیە: ئەبێت چنراوی کۆمەلاَیەتی تێك بشکێنیَ نەك تەنیا لە بنکە سەربازیەکاندا بەلکو لە تەواوی کۆمەل دا. بۆ ئەمەش پێویستێتی یەکجار و بەتەواوی خۆداپچرینی لە ناشیونالیزم جاڕبدات و ئەوەش کە پڕۆلیتاریەکان هیچ بەرژەوەندیەکیان نی یە لەم جەنگەدا، لەم بەلێشاو تیاچوونەدا. ئێمە بانگێشەی تەنها یەك جەنگ ئەکەین، ئەویش جەنگە دژی چەوسێنەرەکانمان، جائیتر ئەوان سێربی بن،کرواتی بن، موسلمان یان هەرچیەکی تر بن. دژی ئەوانە ئەبێت هیچ چاوپۆشیەك نەکرێت. هیچ نیشانەیەکی کەمتەرخەمی و لاوازی نەدرێت بەدەستەوە.

ئامادەکردنی بارودۆخی ژیانمان – وە تەنانەت چوون بە دواشیا – بەدەست دێت تەنیا لەڕێگەی گشتی کردنەوەی ئەو لاسەنگیەی هێزەکان کە یاخی بووەکان لە بانجا لۆکا توانیویانە تەنیا لە سنورێکی ناوخۆی دا بیچەسپێنن. لە ڕاستی دا مانای گشتی کردنەوە ڕاستەوخۆ لێدان و تێکشکاندنی هەموو ئەو شتانەیە کە دەولەتیان پێك هێناوە. پشتیوانی پڕۆلیتاریەکانی بنکە جۆراوجۆرەکان لە یاخی بووەکان دلنیاکردنەوەی خۆیان بوو لەسەر دەرخستنی بەجەرگیەکەیان کاتێك کە بارودۆخەکە داواکاری شتێکی ترە: نەك تەنیا بە ڕوونی سەنگەر گرتن لە ناو بەرەی ڕاپەڕیندا بەلکو هەروەها خێراکردنیشی لە ڕێی ڕادیکالی کردنی

داواكاریەكان و جیهانی كردنەوەیان بۆ خستن و كۆتایی هێنان بە قەسابیێ. بارودۆخەكە هاوار ئەكات بۆ دەستگیر كردنی سەركردەكانیان، بۆ بەكارهێنانی چەكەكانیان بۆ لێدانی دەولەت . . .

ووشەكان قەد هیچیان نە گۆڕی وە لە ئێش و ئازارەكانمان!!!

نیشانەی بارودۆخی ئێستا لە باری لاوازیە گشتیەكانی چینەكەماندایە كە هەموو خەباتەكانی گرتۆتەوە كە لە ئارادان لە جیهاندا. نەبوونی بەردەوامی دان ، نەبوونی بەیەك گەیاندن و بەرفراوان كردن. لە هەرشوێنێك خەباتەكان بەرپائەبن بە پەرش و بلاوی، هەندێ مانگرتن، هەندێ پەلاماردان لێرە و لەوی، وە سەرمایە لەتوانایدایە ئەم پەرش وبلاویە بپارێزێت، هەر لەوێش، وەكو ڕویان داوە ، ئەتوانرێت كۆمەلەی نەبوونی و كۆمەلەی خەبات ببینرێت! هەر ئاواش لە بانجا لۆكا ، ئەوكاتەی كە سەربازەكانی تر لە لیتوانیا كەوتنە یاخی بوون، یاخی بووەكان ڕوویان لە لەدەستدان كرد كاتێك كە كەوتنە ڕازی بوون لەسەر ئەو بڕوایەی كە داواكاریەكانیان تەنیا لەلایەن دەولەتەوە ئەتوانرێت بهێنرێتەدی. بەم جۆرە كردەوەیە پڕۆلیتاریەكان زیاتر و زیاتر بەرەی پێشەوەمانیان لە ڕووبەڕوو بوونەوەی چینایەتیەوە : وەرچەرخاندنی شۆرشگێرانە (revolutionary defeatism) ، بەرپەرچدانەوەی تێكەل بوون لەگەل پلانەكانی ناشیونالیزم دا ، دژایەتی كردنی قوربانی دان بۆ وولاتە نوێ یەكەی "خۆیان" ! ، ئەبرد بۆ تەنیا وەلام دانەوە بە جەنگی تیاچوون. هەركاتێك بۆرجوازیەت توانی پڕۆلیتاریەكان بكاتە هاوولاتی و پەرت پەرتیان بكات لەو كۆمەلەیەدا كە ناوئەبرێت بە " خەلك" چینەكەمان، زوو یان درەنگ، سەری خۆی تێ ناوە! جگەلەوەی، یاخی بوونەكەی بانجا لۆكا لەوانەیە" یەكەم بزووتنەوەی سەربازەكان، ڕاپەڕیوان بێت كەناوەندی بۆسنیەكان و سێربەكانی گرتەوە لەسەرەتای جەنگەكەدا" (وەكو هەموو دەزگاكانی ڕاگەیاندن حەزیان ئەكرد وا ناوی بەرن) بەلام یەكەم بەیان نامەی وەرچەرخاندنی پڕۆلیتاریی(defeatism proletarian ) نەبوو دژی ئەم پێكدادانە(بچۆ بۆ نموونە جۆراوجۆرەكان كە لە نوسراوە سەرەكیەكانماندا هاتوون " 1") .

سەرەڕای لاوازیەكان، وە جگە لە دەسكەوتەكانی چوونەپێشی مەیدانی، تەشەنەسەندنی پەتای یاخی بوونەكەی بانجا لۆكا ئاشكرایە. لە 14ی سێپتەمبەر دا ڕۆژنامەكان بلاویان كردەوە كە یاخی بووەكان نەك تەنیا بزووتنەوەكەیان توندوتیژ تر كردووە بەلكو وەرچەرخاندن بنكەكانی ترو سەربازگەی شاری سۆكۆلاسی نزیك سەرایفۆشی گرتۆتەوە.

ناكۆكیەكان لێك ترازاون، یاخی بوونەكە تا ئێستا هاوتایە لە نێوان هێزە بە ئیرادەكەی و لاوازیەكانی دا. پڕۆلیتاریەكان لە هەنگاو هەلگرتندان بەرەو ئەو تەلەیەی كە نراوەتەوە بۆیان لەلایەن كارامەكانی كۆلنەدان لە وتووێژەوە. تا زیاتر و زیاتر یاخی بوونەكە ناوەڕۆكە ڕوخێنەراكەی خۆی پووچەل بكاتەوە و خۆی بكاتەوە بەناو خولی دۆزەخیی وتووێژەكان، پێشنیارەكان، دژە ـ پێشنیارەكان، ڕێكەوتنەكان و توڕەهاتەكانی تری لەو چەشنە بەهیچ شێوەیەك هیچ شتێك ناگۆڕێت لە باری شەكەتی لە ڕاددە بەدەری پڕۆلیتەریەكان. وورده وورده شۆرشگێرەكان مل ئەنێن ڕووەو گرتنی جێگەیەك لە گۆرەپانی هەمیشە نمایشی(spectacle permanent) سیاسی بۆرجوازیەكاندا. پاش هەندێ داواكاری دەست بەجێ بەمەبەستی گەیشتن بە بەختی خۆیان، پڕۆلیتاریەكان ژاراوی بوون بە سیاسەت گەری و بە دەردەسەریەكانیان خستنە ئەستۆی یەكێك لە لایەنەكانی دەولەت ڕووبەڕوی ئەوی تر. لە سایەی وتووێژدەكاندا شۆرشگێرەكان توانای بە ئیرادەی خۆیان لەدەست دا لەبانگێشەی دەست لە كار كێشانەوەی حكومەتی ناسیونالیستی لە كارادزیس دا. ئەوەی بە شەق كردبوویانە دەرەوە لە دەرگای حەوشەوە بواریان دا هەر لە هەمان كاتدا لە پەنجەرەكەوە خۆی بكاتەوە بە ژووردا: بانگێشەیان كرد بۆ . . . پێشخستنی كاتی هەلبژاردنی گشتی. تا ئەو كاتە شۆرشگێرەكان پشتیان بەستبوو بە چەكەكانی خۆیان ـ مانگرتنەكان، وەرچەرخاندنەكان ـ بە مەبەستی داسەپاندنی باشكردنی باری ژیانیان، لەو كاتەوە ئیتر چۆكیان داداو خۆیان دابەدەست بواری هەلبژاردنەوە.

به سوود وەرگرتن لەم لاوازیانە ، دەولەت، پاش ماوەیەك لە پەك كەوتنی ڕەمزی، سەركەوتنی بەدەست هێنا لەوەی كە بزووتنەوەكە بەرێتەوە بۆ چوارچێوەیەكی توندوتۆلی وتووێژكردن و بیبات بە لاڕێ دا . ئامانجەكە چەمانەوەی بزووتنەوەكە بوو بۆ ناو بارودۆخێكی لاوەكی، بۆ مژینی و بۆ خالی كردنەوەی لە هەموو ناوەڕۆكێكی تێكدەرانە . بەو شێوەیە و تا ڕاددەیەكی وا كە قیمەتی بابەتەكە بۆ هەندێ لە سەربازەكان بوو بوو بە ڕۆل بینین لە وتووێژەكاندا ، بۆهەندێكی تریان ئەوەبوو كە لێپرسراوە سیاسی یە بەرتیل خۆرەكان دەربكرێن، هتد. . . ئەوە بوو بە سەرەتای دەست پێكردنی كۆتاییەكەی. یاخی بووەكان چی تر جورئەتی چەسپاندنی سەربەرزیەكەیان بەڕووی توانا زەبەلاحەكەی دەولەتدا نەما . هیچ كام لەو وتووێژكەرە جۆراوجۆرانەی كەبێ سل كردنەوە سووربوون لە وتووێژكردنی بەردەوام لەگەل یاخی بووەكاندا خاوەنی پلەو پایەیەكی وا بەرز نەبوو كە لە بەدیل گرتنی كەلك وەربگیرێت، شتێكی وا كە بە ڕوونی سووربوون لەسەر داواكاریەكانیانی لێوە دەربڕن. نەك، تەنیا لە ژێرەوە ، وتووێژەكان ئامادەكرابوون بەگوێرەی نەخشە كلاسیكیەكەی ئاشتی خوازی و ئاشت بوونەوە . پارلەمان تاریزم و وتووێژكردن بووە گۆرەپانی ڕاستەقینە بۆ هەموو ئەو هێزە بۆرجوازیانەی كە توانای سەپاندنی سەركەوتنیان هەبوو. بزووتنەوەكە بۆ زیاتر لە هەفتەیەك درێژەی كێشا . بەلام لە هەردوولا جێگەی بەپلەو پایە هەبوو. دوای سەرگرتنی هەولە سووڕێنەر، چاوترسێنی، ماستاوچێتی و بانگێشە نیشتمانی یەكان، بۆرجوازیت ئیتر زۆر لای ئاشكرابوو كە لە لەشیشدانی لەناوبردنی بزووتنەوەكەدایە . كاتەكە و نەبوونی لەبەرچاوگرتنی پرۆلیتاریەكان بۆ ئەوسەری بزووتنەوەكەیان(perspective) هێزی دایەوە بە بۆرجوازیەت.

بۆرجوازیەكان هەولیان دا بۆ ماوەیەك یاری بكەن وە داواكاری ، نەك ڕێڕەوی، شۆرشگێرەكان " دان پیابنێن" . بۆرجوازیەت لەڕێگەی ناونووس كردنی هەندێ لە داواكاری شۆرشگێرەكانەوە هەولی دا بزووتنەوەكە بشێوێنێت و بواری بات كە خۆی خۆی بخواتەوە . ئاوا ئەوان ئاواتەخوازبوون كە پرۆلیتاریەكان دوابخەن لەڕێگەی پەرەوازەكردنەوە زۆربەی كاتی ڕووبەڕوو بوونەوەكە ، لە ڕیگەی تاوانباركردنیان بەوەی كە بوون بە " خائن" . داوایان لە یاخی بووەكان ئەكرد كە بگەڕێنەوە بۆ بەرەكانی شەر ، هەموو كاتەكە ئالای " نیشتمان لە مەترسی دایە" یان ئەشەكاندەوە . بە ڕەجم كردنی یاخی بوونەكە بەوەی كە " یارمەتی دوژمنەكانمان ئەدا" بە توندی بانگێشەی یاخی بووەكانیان ئەكرد بۆ نیشتمان پەروەری لەبری ئەوەی خەباتیان دووقات توندوتیژتر بكەن لە كراجینـادا .

بە لۆجیكی پارلەمانتاری یاخی بووەكان پیۆانەی داواكاریەكانیان دابەزاندبوو بۆ " وەرگرتنی ئیجرائاتی كاریگەر دژ بە بازرگانەكانی شـەر" . نەك بەوەی كە ئەم بارەی هێناوە و پێویستی یەتی؟ واتە دەولەت، ئەوانەی كە نوێنەری زۆر بە بایەخی ئەو چینەن كە ژیانی لەبوونی جەنگدایە : بۆرجوازی. سەرەڕای دووپات كردنەوەیان بۆ ئەو ڕاستی یەی كە بوون بە نوێنەری پارلەمان" پڕ بە پێستی ئیشەكەی ئەمان نی یە" ئەوەی لەو ڕێگەیەوە" خۆیان دەولەمەند ئەكەن" ، ئەوانەن كە بەلای ئەمانەوە لە" لیستەی ڕەشدان" و قەد لەگەل ئەوانەدا ڕێك نەكەوتوون! ئەمە یەكێكی ترە لە ناكۆكیەكانی پرۆلیتاریەكان(contradictions 'proletarians) .

دوای ئەوەی یاخی بوونەكە شپرزە و لەكاركەوت لەژێر پەلاماری دووسەرەی بەلێنەكان و سەركوت كردنەكان دا چەكەكانی دابەدەستەوە . دەولەت بەخشیشی دا بەو یاخی بووانەی كە دەست بەرداری خەباتەكەیان ئەبن، 10 ڕۆش پشوو لەگەل بەلێنی جێ بەجێ كردنی داواكاریە كۆمەلایەتیەكانیان، ئەمە لەكاتێكا كە سەركوت كردنی ئینتخابی دابووی لە سەركردە بنچینەییەكانی ڕاپەڕینەكە . دەستگیركردنەكانیش دوا وەلامی دوژمنەكانمان بوو.

"1" بزووتنەوەی تری کۆمەکی وەرچەرخاندن(defeatism)هەر لەم سالدا لە بەرەکانی تری پێشەوەی جەنگء ڕووی دا، بۆ نموونە، وەکو ئەوەی لە ئازربایجان ڕووی دا، کە بۆرجوازیەکان، بۆ بەرگرتن بەو لێشاوی هەلهاتنەی کە ڕیزەکانی پێشەوەی سوپای لە ناگارنۆ ـ کاراباغ تێك دابوو،داوای ڕاگرتنی هەموو جۆرە مۆلەتێك و ناونووس کردنی هەموو کوڕە گەنجەکانی تەمەن 18ـ 25 ی کرد لە سوپای نەتەوەیی دا بە دەست پێکردن لە مانگی نیسانی 1993 وە. هەروەها توندو تیژی ڕاگەیاندنەکانیان دژی هەلاتووەکان دیسانەوە دان نان بوو بەو وەرچەرخاندنەی کە ڕاستەوخۆ هێزەکانی ئازەربایجانی گرتبۆوە.

درێژەدانی سەرمایەداری بە قەسابخانەکەی و چوونەوە بۆ یاری دبلۆماسی( وتووێژەکانی جنێف) تەنیا ئەوکاتە خۆی سەپاند کە پڕۆلیتاریا تێکشکا!!! "بۆ جنێف یێکی نوێ پێویستە ئارامی بەرقەراربێت لە بانجالۆکادا!" بۆرجوازیەت هەمیشە ئەوەی زانیوە کە درێژەدانی لێهاتوانە بە جەنگء هەروەك چۆن بە ئاشتی بەتەواوی لەبەرژەوەندیاندایە ـ بۆ دامرکانەوەمان، بۆ دەستەمۆکردنمان بۆ کوشتاری بەرەکانی شەر، بۆ کارخانەکان!!! بەسوود وەرگرتن لە هەموو لاوازیەکانی یاخی بوونەکە، لە پەل نەهاویشتنی بە چواردەوری خۆی دا، لە بۆگەن بوونی بە ژەهری دیموکراسی، دەولەت توانی تێکی بشکێنێت و بیکات بە شتێکی کاتی بۆ بەرهەم هینانەوەی ئاشتی کۆمەلایەتی و بۆ خۆراك دان بە بەرەکانی جەنگء.

لەگەل ڕەخنەگرتنی بێ بەزەییانەی راستەوخۆمان دژی لاوازیەکان و دەربڕینی ئاستی یاخی بوونەکەش، خەباتگێرە کۆمۆنیستیەکان تیشك ئەخەنەسەر ئەو چالاکیانەی نیشانمان ئەدات کە ڕۆلی وەرچەرخێنەرانەی ماینۆریتی(defeatist minorities) زیندوە و بەکارە. ئەو چالاکیانەی کە دەربڕی تێڕوانینە بنەڕەتیەکانی گشت چینەکەمانە.

سبەینێ یاخی بوونە وەرچەرخێنەرە شۆرشگێریەکان هەنگاوێکی مەزن ئەنێن ڕووەو پێکەوە گرێ دان و ڕێکخستنی خەبات دژی جەنگء شان بەشانی خووشك و برا چینایەتیەکانیان لەوبەری گاوی بەرەکانی پێشەوە کە سەرمایە بەسەرماندا سەپاندوویەتی.

بەلام هەر ئەمڕۆ بەربەرچدانەوەی پڕۆلیتاریەکان لە بانجالۆکا دا بۆی سەلماندین کە پڕۆلیتاریا بەهیچ شێوەیەك بەتەواوی ئامادە نی یە ڕووبەڕووی کەلەپاچەکردن بکرێتەوە لەو کوشتارکاریە نوێ یانەی سەرمایەداری کە بەرێوەن بەبێ هەلگەڕانەوە. ئامادەی ڕازی بوون نی یە بە قوربانی دان، بە سك هەلگوشین،بە نەبوونی، بە مردن...

کۆمەکی چینایەتی لەگەل هەموو وەرچەرخاندنە شۆڕشگێڕیەکان
لە هەموو بەرەکاندا!

با ڕووی چەکەکانمان وەرگێڕین بەگژ سەرکردەکانماندا،
بەگژ بۆرجوازیەکەی خۆماندا!